# هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و لێکەوتەکانی لەسەر عێراق (1979-1991)

**ئەژی ازاد ابوبکر[1]، ژیلوان لطیف یارأحمد[2]**

[1] ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی ژمێریاری، کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** تایبەتمەندیی بەشێك لە شۆڕشە ئایدۆلۆژییەکانی سەدەی بیستەم، ویستی هەناردەکردنی ئامانج و دروشمەکانی لە لایەن شۆڕشگێڕەکانەوە بووە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە بزاڤەکانیان دەتوانن ببنە نموونەیەکی سەرکەوتوو بۆ گەل و وڵاتانی دیکەی جیهان. شۆڕشی 1979ی ئێران، پاش جێگیربوون و گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن ئیسلامییەکانەوە، بە ناوەڕۆکێکی ئیسلامی-شیعییەوە لەم تایبەتمەندییە بێ بەش نەبووە و خەونی بەشێکی زۆری لە شۆڕشگێڕانی سەرەتای شۆڕش، هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و پشتیوانی گەلانی ستەملێکراو و بزاڤە ئازادیخوازەکان بووە. بۆ ئەم مەبەستە، وڵاتی عێراق بە بەراورد بە وڵاتانی دیکەی هەرێمی، بە هۆی پاڵنەرە جیاوازە سیاسی و ئایینییەکانەوە، لەبارترین بژاردە بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بوو. لەم ڕووەوە، ئامانجی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە خەسڵەت و ڕەهەندە سەرەکییەکانی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش لە دیدی و خولیای ئایەتوڵڵا خومەینی وەك ڕابەری شۆڕشی 1979 بکۆڵێتەوە و لێکدانەوە بۆ دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی لە سیاسەتی دەرەوە و بەتایبەتی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق (1980-1988) بکات. مێتۆدی توێژینەوەکە مێژوویی و وەسفی-شیکارییە و سەرچاوە سەرەکییەکانی، وتار و لێدوانی دەسەڵاتدارانە لە ماوەی توێژینەوەکەدا.

**کلیلە ووشەکان:** هەناردەکردنی شۆڕش، شۆڕشی 1979، ئایەتوڵڵا خومەینی، جەنگی هەشت ساڵە، ئێران، عێراق.

## پێشەکی:

بە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩-ی ئێران (ئێران کە لە ئەدەبیاتی فەرمی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە "شۆڕشی ئیسلامی ئێران" پێناسە کرا) و دەرکەوتنی ئایەتوڵڵا خومەینی وەک ڕابەری شۆڕش، یەکێک لەو بابەتانەی لە سەرەتاوە وەک دەرهاویشتەی شۆڕش و خەونێکی شۆڕشگێڕان باسی لێوە دەکرا، هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ جیهان و هاوشان لەگەڵیدا، خەبات دژ بە ستەمکاران لە پێناو مافی موسڵمانان و گەلانی چەوساوە بوو. ئەگەرچی لە یەك ساڵی سەرەتادا ئاراستەیەك لە هەوڵی خۆبەدوورگرتن لە هەر جۆرە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و چوونە نێو جەنگ و کێشمەکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بوون، بەڵام زۆری نەخایاند ئاراستەی باڵادەست، کە خۆی لە شۆڕشگێڕە ڕادیکاڵەکان دەبینییەوە، سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی وڵاتیان گرتە دەست. ئەم ئاراستەیە کە سەرسامی دەسکەوتەکانی شۆڕش لە کۆتاییپێهێنان بە دەسەڵاتێکی چل ساڵەی پشتیوانیکراو لە لایەن ڕۆژئاوا و ئەمریکا بوون، پێیان وابوو، شۆڕشەکەیان وەك شۆڕشێکی دژە ستەم و زۆرداریی دەتوانێت ببێتە نموونە و هاندانێك بۆ خەباتی گەلانی دیکەی چەوساوە.

لە نێو وڵاتانی هەرێمیدا، هیچ وڵاتێك هێندەی عێراق زەمینەی بۆ وەرگرتنی شۆڕشی ئێران لەبار نەبوو؛ پێشینە و مێژوویەکی دوورودرێژی هاوبەشی نێوانیان، بوونی زۆرینەیەکی دانیشتوانی شیعە، کە شۆڕشگێڕان پێیان وابوو نموونەی گەلێکی ستەملێکراون و بە دەست دەسەڵاتێکی ستەمکاری کویلەی زلهێزەکانن، وێڕای بوونی بەشێك لە گەورەترین مەراجع و پیاوانی ئایینی ناسراوی شیعە و پێشینەی پەیوەندییەکانی نێوان زانایانی هەردوو وڵات، مەزارگە پیرۆزەکانی ئالوبەیت و ئیمامانی شیعە، سەرباری ململانێ سیاسی و مێژوویییە درێژخایەنەکان، هەلومەرجێکی هێنایە کایەوە، کە ئامانجی سەرەکی هەناردەکردنی شۆڕش، عێراق بێت. هەناردەکردنی شۆڕش ئەگەرچی زیاتر لە ئاستی دروشمدا خۆی پێشان دا، بەڵام بە هۆی پاشخانە سیاسییە پڕ لە کێشەکانی هەر دوو وڵات، زەمینەی بۆ قووڵبوونەوەی کێشەکانی ڕەخساند.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:** پرسیاری سەرەکی بریتییە لەوەی کە ڕەهەندەکانی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕشی 1979ی ئێران و ئامانجەکانی چی بوو؟ پرسیارە لاوەکییەکان: تایبەتمەندییەکانی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش چی بوون؟ ئایا ئەم گوتارە ڕۆڵی لە

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (15)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp85-99
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 16 شباط 2025؛ قُبل في 17 آذار 2025؛ نُشرت في 13 تموز 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: zhilwan.yarahmed@spu.edu.iq, azee.abobaker@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 ئەژی ئازاد ابوبکر، ژیلوان لطیف یارأحمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

هەڵگیرساندنی جەنگی ئێران و عێراقدا هەبوو؟ دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی ئەم گوتارە چی بوون؟

**میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی توێژینەوەکە، مێژوویی و (وەسفی-شیکاری)یە، بە سوودوەرگرتن لە وتاری کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی ماوەی توێژینەوەکە، هەروەها سەرچاوەکانی دیکەی کتێبخانە.

**ئامانجی توێژینەوە:** دەستنیشانکردنی گرنگترین بنەماکانی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی ئەم گوتارە لە ئاستی دەرەوەدا بە تایبەتی لەسەر وڵاتی عێراق.

**سنووری توێژینەوە:** ماوەی نێوانی ساڵانی 1979-1991 دەگرێتەوە، واتا سەرکەوتنی شۆڕشی 1979 لە ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران تاکو ساڵی 1991 کە دوو ساڵ بەسەر کۆتایی هاتنی جەنگی ئێران-عێراق دەگرێتەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە و هەر بەشێکیش بەسەر چەند تەوەرێك دابەش بووە. لە بەشی یەکەمدا، هەوڵ دراوە نموونەی چەمکی هەناردەکردنی شۆڕش لە وڵاتانی دیکە بهێنرێتەوە و دواتر چەمکی هەناردەکردنی شۆڕش لە دیدی ئایەتوڵڵا خومەینی (1902-1989) شی بکرێتەوە و پێگەی لە دەستووری ئێراندا باس بکرێت. لە بەشی دووەمدا، دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی هەناردەکردنی شۆڕش بەتایبەتی کاریگەریی لە سیاسەتی دەرەوە و جەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم
## هەناردەکردنی شۆڕش پێشینە و چەمکناسی

### 1-1 پێشینەی مێژوویی چەمکی هەناردەکردنی شۆڕش

شۆڕش وەك نەریتێکی سیاسیی و مۆدێلێك بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، ئەگەرچی ڕێبازێکی چوونیەك و چەسپاوی نییە، بەڵام لە بنەڕەتدا بەهۆی چەند تایبەتمەندییەکی وەك: خێرایی لە جڵەوکردنی دەسەڵاتی سیاسیی و سەربازیی، داڕشتنەوەی چوارچێوەیەکی نوێ و جیاواز لە سیستمە سیاسییەکانی ڕابردوو، هەروەها بەدیهێنانی گۆڕانێکی هەستپێکراو لە ژێرخانی سیاسی و ئابووریی و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، دەبێتە ڕێبازێکی سەرنجڕاکێش، بەجۆرێك جێگرتنەوەو چەسپاندنی بەشێك لە بنەماکانی و شۆڕشانە کاریگەرییەکی فراوانی لەنێو ژینگەی سیاسیی وڵاتان و لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی جێهێشتووە، بە تایبەت کە بەشێکیان تایبەتمەندییەکی نێونەتەوەییان بە ناوەڕۆکی شۆڕشەکەیان داوە و خواستی هەناردەکردنیان بۆ جیهانی دەرەوەی خۆیان تێدا سازاندووە، ئەگەر چی دەستەواژەی هەناردەکردنی شۆڕش هەڵگری تایبەتمەندییەکی ئایدۆلۆژی دیاریکراوە، بەڵام بنەمایەکی چەسپاو و شێوازێکی جێگیری لەنێو کولتووری سیاسیدا نییە، بەڵکو پشت بە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شۆڕشەکە و ژینگەی گەشەکردن و هەندێك جار تایبەتمەندی ڕێبەرانی دەبەستێت، لەم بارەدا شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵی 1789 دژ بە سیستمی پاشایەتی ڕەها و پەیامە دژە کۆنەخوازییەکەی و تواندنەوەی لەنێو چەمکەکانی (ئازادی، برایەتی و یەکسانی)، هەر زوو خولیای پەخشدانەوەی لە نێو گەلانی تردا شێوەی گرت و کاردانەوە بۆ بەدیهێنانی ناوەڕۆکی پەیام و ئامانجەکانی دروستبوو (Sangar, 2020: 35-58). لێرەدا ویستی هەناردەکردنی پەیامی شۆڕش بۆ قوڵایی ڕێبازی دەسەڵاتخوازیی ئەورووپا بووە ئەزموونێك، کە ناوەڕۆکی شۆڕشەکەی لە جوغزی ناوچەیی بوون هێنایە دەر و لە چوارچێوەیەکی فراوانی جیهانیدا گوزارشتی لە خۆی کرد، (Giunta, 2024)، لە پاش ئەوە شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیا لە ساڵی 1917 لە ئاستێکی فراوانی ئامانج و بەدیهێناندا، پەیام و خولیا شۆڕشگێڕییەکەی لە پانتاییەکەی گەورەی جیهانیدا نمایشکرد و جگە لە ڕێبازێکی نوێ، وەك ڕێگەیەکی ڕزگارکەر و ئیلهامبەخش هاتە مەیدان و خولیا و ویستی نوێخوازیی لەنێو بزاڤە بەرهەڵستکار و جووڵانەوە نارازییەکاندا سازاند، لەم ڕووەوە ژێرخانی شۆڕشەکە پشت ئەستوور بوو بە یەکەمین (مانیفێستۆی کۆمۆنیزم)ی کارل مارکس (1818-1883) و فردریك ئەنگلز (1820-1895)، کە پێیوابوو کۆمۆنیستەکان لە هەر شوێنێک پشتیوانی لە هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دەکەن کە دژی سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەڵوێستە بکەن، تەنانەت ئەو ئەرکەی خستبووە سەر شانی کۆمۆنیستەکان، کە لە هەر بزوتنەوەیەکدا پرسی موڵکایەتییان بەبێ گوێدانە ئەوەی لە چ ئاستێکی گەشەسەندوودا بێت وەك پرسیاری بنەڕەتی بزووتنەوەکە لە پلەی یەکەمدا جێبکەنەوە، هەر بۆیە لە کۆتاییدا ئەوەی دووپاتکردبۆیەوە کە کۆمۆنیستەکان لە هەموو شوێنێک هەوڵ دەدەن یەکڕیزیی و ڕێککەوتن لە نێوان پارتە دیموکراتییەکانی هەموو وڵاتاندا دابمەزرێنن (مارکس و انگلس: 1385، 58-59).

سەرباری ئەوە، دەشێت چەمکی شۆڕشی بەردەوام (Permanent Revolution)، کە سەرەتا لە لایەن کارڵ مارکس باس کرا، بەڵام زیاتر بە هۆی ترۆتسکی-وە لە ساڵانی 1904-1906 ناسێنرا، وەك ئاماژەیەك بۆ بێ سنووریی شۆڕش و بەجیهانیکردنی لێك بدرێتەوە، کاتێك کە بەپێی لێکدانەوەی ئەو، رووسیا دەبووە سەرەڕمی شۆڕشی جیهانی، بە جۆرێك کە سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریای رووسیا، دەبووە هۆی بزاوتی شۆڕشە پرۆلیتارییەکانی دیکەی ئەورووپا. ئەم لێکدانەوەیە دواتر وەك سیاسەتێك لە لایەن لینین (1870- 1924) لە ساڵی 1917 گیرایە بەر، کاتێکیش دەسەڵات کەوت دەست، بەلشەڤییەکان و پەیامی شۆڕشەکە چوارچێوەیەکی هەناردەکراوی وەرگرت و دامەزراندنی کۆمینتێرن (Comintern)ی لێکەوتەوە (آشوری، 1378: 49). لەسەر ئەم بنەمایە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە زوویی جیهانی ڕکابەریی لەنێوان ئامانجە سۆسیالیستییە ڕادیکاڵییەکانی خۆی و دەسەڵاتە ئیمپریالییە کۆنەخواز و شەڕانگێزەکان دابەشکرد، پاشان دەستی هاریکاریی بۆ پشتیوانی گەلانی تر و وەستانەوەیان بە ڕووی جیهانی سەرمایەدارییدا درێژکرد و پەیامێکی ئینتەرناسیۆنالییانەی ڕاگەیاند، لەم نێوەندەدا لینین پەیامی هەناردەکردنی شۆڕش و ڕاگەیاندنی (گەڵاڵەنامەی ئاشتی) بە جۆرێك وێنا کرد، کە دژایەتیکردنی جیهانی سەرمایەداریی بە تەنها لە ئاستێکی ئابووریدا شێوە ناگرێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا دژایەتییەکە دژ بە سیاسەتی چینی دەسەڵاتدارە لە هەر سوچێکی جیهاندا، لەم پێناوەشدا دامەزراندنی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم و سازانی ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزبە کۆمۆنیستییەکانی بەدوادا هات، بەم پێیە ئاشکرا بوو، هەناردەکردنی شۆڕش بە واتای وەرگێڕانی زانستییانەی پەیامی سۆسیالیستییانەی شۆڕشەکە بوو، واتە دەبوو پرۆلیتاریا دژ بە هەموو هەوڵێکی ئیمپریالیستییانە کۆششبکات، نەک لە ئاستێکی گشتیدا، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە وڵاتەکانی خۆیاندا خەبات دژی سیستمی سەرمایەداریی ئەنجام بدەن، بە پێچەوانەشەوە، پشتیوانی لە پڕوپاگەندەی فەرمانڕەواکانیان، دەبووە چەکێکی کاریگەر دژ بە بزووتنەوەی کرێکاریی، بەم پێیە ئینتەرناسیۆنالیزم ڕەهەندێکی جیهانی هەناردەکراوی وەرگرت و وایان دەبینی، کە پێویستە شۆڕش لە ماڵەکانەوە دەستپێبکات. (لینین، 64،61،59).

جیا لەوە، دەرکەوتنی ماو تسی تۆنگ (1893-1976) لە چین و کاریگەرییە جیهانییەکانییەکانی شۆڕشە کولتوورییەکەی، وەك ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی لە

سەرانسەری جیهاندا بە جۆرێك دەنگیدایەوە، کە یەکێک لە ئامانجەکانی شوێنکەوتووانی، هەناردەکردنی ئایدیۆلۆژیای ماویی و پێداچوونەوەو بە بزاڤی چەپ و دەستپێکردنی شۆڕشێکی جیهانی لە پێناو ڕووخاندنی ئیمپریالیزم و کۆنەخوازیی، بە جۆرێك ئەم ئامانجە لای ماوییەکان، لە چوارچێوەی تیۆرو پەڕاوی سەر کاغەز نەمایەوە، بەڵکو وەها وێنایان کرد، کە شۆڕشی چینی هەڵگری تایبەتمەندییەکە کە زۆرترین دروشمی مارکسی تێدا جێکراوەتەوە و ناوەڕۆکێکی جیهانی فراوان لە ئەستۆ دەگرێت، بەم هۆیەوە لە 1960کاندا، تیۆری هەناردەکردنی شۆڕشی چینی دەنگیدایەوەو بووە پاڵپشت بۆ بزاڤە چەپ و ڕادیکاڵییەکان و لە بەرانبەر پاشخانی شۆڕشە جیهانییەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، لێرەوە ناوەڕۆکی شۆڕشی ڕۆشنبیریی و چەکدارییەکەی هەناردەی جیهان کرد، هەروەک چۆن لینین (ئینتەرناسیۆنالی سێیەم)ی بەکارهێنا، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو پرەنسیپە شۆڕشگێڕییەی کە ئەستەمە بۆ وڵاتێک سۆسیالیزم بە تەنها بنیات بنێت، هەر بۆیە لە ڕوانگەی ماوییەکانەوە، ئەزموونی مێژوویی وڵاتانی کۆمۆنیستی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بە ڕابەرایەتی یەکێتی سۆڤیەت، وازهێنان لە ئامانجی شۆڕشگێڕانییەکەی مارکسیزم بووە شوێنگرەوەیەکی کاریگەر و سنوورەکانی دەرەوەی خۆی بڕیی، لێرەوە هەناردەکردنی چالاکانەی تیۆری ماویزم وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی هێزە جۆراوجۆرەکانی چەپ و ڕادیکاڵەکان لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لایتنی لەخۆ گرت. (Cheng, 2012).

کاریگەریی هەناردەکردنی ئەزموون و گوتاری شۆڕش بووە خولیای بەشێك لەو ئایدۆلۆژیا دەسەڵاتخوازییانەی کە دروشمی پێشکەوتن و نوێخوازیی و ڕەتکردنەوەی ئیمپریالیزم و کۆنەخوازیی لە خۆ ئاڵاندبوو، لەم بارەدا مۆدێلی هەناردەکردنی شۆڕشە جیهانییەکان لەنێو ژینگەی سیاسیی و سەربازیی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا بە جۆرێك دەنگیدایەوە، کە پێش هەمووان بزاڤی ناسیۆنالی عەرەبی خوازیاری بەدیهێنانی بوو، لەم بارەدا جولانەوە ڕادیکاڵییەکانی (فەلەستین، میسر و زەفار) بوونە نموونەیەکی زیندوو، کە بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەنییەکانی خۆیان، کاریگەریی شۆڕشە هەناردەکراوەکانیان لەسەر بوو، زیاتر لەوەش، بەعسییەکان لە عێراقدا لە پاش سەرکەوتنیان لە کۆتادەی ساڵی 1968 لە بەرانبەر ڕێبەرایەتی و سازدانەوەی ئەو بارە ناسیۆنالییە پەرگیرەی عەرەب، چەمکی هەناردەکردنی شۆڕشیان وەك هێنایەك بۆ دەرخستنی سەنگ و قورسایی ئایدۆلۆژیاکەیان دەدی، بەتایبەت کە حیزبی بەعس لە عێراقدا زادەی بنەما کولتووریی و سیاسییە گشتییەکەی نیشتمانی عەرەب بوو، پێشتریش ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی لە وڵاتێکی هاوسێیی وەك سووریا داکوتابوو هەر لەوێشەوە پەڕیووەوە عێراق، تەنانەت حیزبەکە لە عێراقدا لە سەرەتاوە وەك وەڵامدەرەوەی ئەو پەیامە هەناردەکراوە تەماشا دەکرا، کە ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە (سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست) لە سووریا و دواتریش خۆی وەك لقێك و بەناوی (سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست) لە عێراق ناساندبوو، لەم پێناوەدا چەمکی شۆڕشگێڕیی و هەناردەکردنیان لە چوارچێوەی پەیامی نەمری عەرەب لێکداوەتەوە، تەنانەت لە پێناسەکردنی خۆیدا ناونیشانی (حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، کە حزبێکی شۆڕشگێڕییە)ی هەڵگرتبوو، بەو واتایەی لەو ڕێگەیەوە نوێنەرایەتی بیری عروبە و بزاڤەکەی دەکات، هەروەها بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، شەرعییەتی بەکارهێنانی توندوتیژی داوەو سیستمی تاك حزبی بە دڵنیایی مانەوەو بەردەوامبوون زانیوە، لەم ڕووەوە بەعسیزم بۆ فراوانکردنی پێگەی شۆڕشەکەی و بەرینکردنەوەی پانتایی ئامانجەکانی، بانگەشەی هەناردەکردنیان دەستپێکرد، تەنانەت پێیوابوو دەتوانێت نوێنەرایەتی چارەنووسی عەرەب و ئاڵنگارییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی بکات. (حزب البعث العربي الاشتراكي القيادة القومية، 1985: 13)، ئەوەش لە کاتێکدا بەعسیزم پێناسەیەکی جێگیری بۆ بنەما فەلسەفییەکانی شۆڕش و ڕێبازی هەناردەکردنی نەبوو، بەڵکو دەیویست لە هێمنترین دۆخدا لە ڕێگەی پیلانگێڕییەوە دەستەوەردان بکات، هەرچەندە بەعسیزم بانگەشەیەکی سێکۆلار و مەدەنییانەی دەکرد، بەڵام لە فراوانکردنەوەی پەیام و ئامانجەکانی شۆڕشەکەیدا، بەڕەچاوکردنی تایبەتمەندییە ڕۆحی و میتافیزیکییەکانی عەرەب، ئاینی ئیسلامی وەك پایەیەکی گرنگی هەناردەکردنی شۆڕش دەدی، زیاتر لەوە شۆڕش لە دیدی بەعسی عێراقدا لە پانتاییەکی فراواندا پەرپیوەتەوە بۆ مۆدێلێکی توندوتیژو نمایشخواز، هەر بۆیە سەددام حوسێن ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە شۆڕشی بەعسییەکان ئەزموونێکە پێویستی بە بەردەوامی و پاراستنی بنەماکانییەتی ئەوەش بە تەنها بە عێراقییەکان ناکرێت، بەڵکو دەبێت جیهانی عەرەبی ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن (حزب البعث العربي الاشتراكي القيادة القومية، 1972: 60-61)، بەم پێیە گرنگترین ڕەگەز لە باوەڕی بەعس پرسی هەناردەکردنی شۆڕش بوو، لە ڕێگەی (ئایدیۆلۆژیای شۆڕشگێڕیی)ەوە، کە تیایدا خۆی وەك ئاڵاهەڵگرو پێشڕەوی شۆڕشی عەرەب ناساند (دای. ولیامس، 2016: 54)، بەو پاساوەی بەعس ئامانجی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی عەرەبییە بۆ بەدیهێنانی یەکێتی، ئازادی و سۆسیالیزم و دەیەوێت شۆڕش لە نیشتمانی عەرەبدا بەرپا بکات، هەمان کات لەبەردەم نەیارانی شۆڕش و هاوسێ کۆنەقینەکانیدا لە نموونەی ئێرانی بریگرتەی ئیمپریالیزم، پێگەی خۆی بەهێز بکات. (المناهج الثقافي المركزي، ب.س: ص26-28).

سەبارەت بە شۆڕشی 1979-ی ئێران ئاماژەگەلێکی زۆر بۆ زیندووکردنەوە و هەناردەکردنی شۆڕش بۆ سنوورەکانی دەرەوەی ئێران چ لە لایەن کەسایەتییە ئاینیی و چ نائاینییەکان دەبینرا. بە وتەی ئێسپۆزیتو، شۆڕشی 1979-ی ئێران، "یەکەمین شۆڕشی سیاسیی ئیسلامی"ی سەرکەوتووی بە جیهان ناساند. شۆڕشێك بە ناوی ئیسلام و لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا و بەهێزکردنی شیعە و ڕابەرایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی هاتەکایەوە، کە پێی وابوو ئەزموونی شۆڕشەکەیان دەبێتە ڕێنشاندەرێك بۆ گۆڕانی سیاسی ئایدۆلۆژیایی ئوممەتی جیهانی ئیسلام و یەکگرتووکردنی هەموو موسڵمانان لە خەباتێکی سیاسی و کولتووری دژ بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (اسپوزيتو، 1382: 48-49). شۆڕشگێڕان لەسەر بنەمای دابەشکردنی گەلانی جیهان و بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو بۆ دوو دەستەی ستەمکار و ستەملێکراو، پشتیوانی لە بزاڤە ئازادیخوازە نیشتمانییە ستەملێکراوەکانیان بە ئەرکی خۆیان دەزانی (هیرو، 1390: 55).

بەپێی ئەوەی کە باس کرا، چەمکی هەناردەکردنی شۆڕش پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە شۆڕشە مەزنەکانەوە هەیە، ئەو شۆڕشانەی بانگەشەی "ئەرکی جیهانی" بۆ بزاڤەکەیان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیانەوە هەیە. هەر بۆیە هەناردەکردنی شۆڕش، دەرئەنجامێکی سروشتی هەر شۆڕشێکە کە بانگەشەی جیهانبوونی بزاڤەکەی بکات. ڕابەرانی ئەم شۆڕشانە پێیان وابووە شۆڕشەکەیان نموونەیەکی ئایدیاڵە کە شایەنی ئەوەیە ببێتە مۆدێلی خەباتی گەلانی دیکە (طهماسبی برنا، 1403: 193-194).

### 2-1 هەناردەکردنی شۆڕش لە تێڕوانینی ئایەتوڵڵا خومەینی

بەپێی دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕابەری شۆڕشی 1979 و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئایەتوڵڵا ڕووحوڵڵا خومەینی، خاوەن دەسەڵاتێکی ئاینیی-فیقهی، یاسایی و سیاسیی فراوان بوو، بە جۆرێك کە وەك باڵاترین دەسەڵاتی وڵات، توانای چاودێری، بڕیاردان و سیاسەتدانانی هەبوو. فەرماندەیی سەرجەم هێزە چەکدارەکان، یەکێك لەو دەسەڵاتانە بوو کە بە هۆیەوە ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران مافی دانان و لادانی سەرۆکی ناوەندی فەرماندەیی هاوبەش، فەرماندەی

سوپای پاسداران، پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای بەرگریی نیشتمانی هەبوو، کە لە سەرۆککۆمار، سەرۆك وەزیران، وەزیری بەرگری، سەرۆکی ناوەندی فەرماندەیی هاوبەش، فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران پێك دەهات. لەم چوارچێوەیەدا، ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی، لە دەسەڵاتە تایبەتەکانی ڕابەر بوو کە بە هۆیەوە دەسەڵاتی ڕێکخستن و ئامادەکردن (بسیج)ی هێزەکانی وڵاتی -بە پێشنیاری ئەنجومەنی باڵای بەرگری- پێ سپێردرا بوو (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، 1359، اصل 110).

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی تێڕوانینی ئایەتوڵڵا خومەینی لە دوای وەرگرتنی دەسەڵات و جێگیرکردنی کۆمارەکەی، هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ گەلانی جیهان و ڕزگارکردنیان لە ژێردەستەیی وڵاتانی ستەمکار و خۆسەپێن بوو. کاتێك لە دوای وەرگرتنی دەسەڵات ئاماژەی بەوە دا: "ئێمە شۆڕشەکەمان بۆ هەموو جیهان هەناردە دەکەین، چونکە شۆڕشی ئێمە ئیسلامییە" (خمینی، 12/1385: 148)، هەناردەکردنی شۆڕشی وەك ئەرکێکی ئیسلامیی خۆی و ڕژێمە ئیسلامییەکەی ناساند، بە جۆرێك کە جەختی لەوە کردەوە: "تاوەکو خەبات لە هەر شوێنێکی جیهان دژ بە ستەمکاران هەبێت، ئێمە ئامادەین" (همانجا)، هەر بۆیە جەختی لەسەر ئەو خاڵە کردەوە: "ئێمە پێویستە هەوڵ بۆ هەناردەکردنی شۆڕشەکەمان بۆ جیهان بدەین و ئەو بیرکردنەوە وەلا بنێین کە شۆڕشەکەمان هەناردە نەکەین، چونکە ئیسلام قایل بە هیچ جیاوازییەک لە نێوان وڵاتە موسڵمانەکان نییە و پشتیوانی سەرجەم موستەزعەفینی جیهانە" (همان، 202). بەم شێوەیە، پەیامی شۆڕشەکەی ئەوە بوو، کە بزاڤێکی جیهانییە و تەنیا بە موسڵمانان و وڵاتێکی دیاریکراو نابەسترێتەوە. ڕابەری ئێران ئاماژە بەو خاڵە دەدا کە "شۆڕشی ئیسلامیی ئێران" نموونەیەکی شۆڕشی "موستەزعەفین" لە وڵات (خاك)ی موسڵمانانە و پێویستە ئەم نموونەیە لە پانتاییەکی فراوانتر لە نێو هەموو گەلاندا بێتە کایەوە. لەبەر ئەوە ئاواتی بەوە دەخواست "حیزبی موستەزعەفین" کە هەمان حیزبی خوایە (حزب الله) بۆ هەموو موستەزعەفینی جیهان دروست بکرێت، بۆ ئەوەی بەرانبەر بە ستەمکار و تاڵانچییەکان بووەستن، بەو پێیەی موستەزعەفین، "میراتگر"ەکانی سەر زەوین (خمینی، 9/1385: 281). ئەو لە وتارێك بۆ کۆمەڵێك لە موسڵمانانی هیندی و پاکستانیی نیشتەجێی ئێران، جەختی لەوە کردبووەوە، کە پێویستە ئەم بزاڤەی دژ بە "موستەکبیرین"، لە هەموو جیهان بڵاو ببێتەوە و "ئێران" دەستپێك، خاڵی یەکەم و نموونەی هەموو گەلانی موستەزعەف بێت (خمینی، 7/1385: 292) و لە خوا دەپاڕایەوە "شۆڕشی ئیسلامی"ی ئێران بکاتە سەرەتایەك بۆ لەنێوبردنی موستەکبیرینی جیهان و ببێتە مایەی خێر و بەرەکەت بۆ موستەزعەفین (خمینی، 20/1385: 326).

ئەم جۆرە وتارانە لانیکەم لە ئاستی گوتاردا، دەرخەری ئەو هیوا و ئاواتانەی ڕابەری شۆڕشی ئێران و بەشێکی بەرچاوی شۆڕشگێڕەکان بوو، کە تەنیا بە گۆڕینی سیستمی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی ناوخۆی ئێران پەسەندەیان نەکرد و کۆتاییهێنان بە ڕژێمی پەهلەوی تەنیا بە مانای هاتنەدی بەشێك لە ئامانجەکانیان بووە، بەڵکو هەناردەکردنی شۆڕش و ناساندنی بە جیهانی دەرەوە، ئاواتێکی گەورەتری بەشێك لە شۆڕشگێڕەکان بووە.

دیارترین و گرنگترین خاڵی جیاکەرەوەی شۆڕشی ئێران لە بزاڤەکانی دیکەی ئێران لە یەك سەدەی ڕابردوودا - وەك لە پێشەکی دەستووری بنەڕەتی ئاماژەی پێکراوە- "ئیسلامیبوون"ی بووە وەك تایبەتمەندییەکی بنیاتی، هەر بۆیە شۆڕشگێڕان پێیان وابووە هۆکاری شکستی بزاڤ و شۆڕشەکانی ڕابردوو، دوورکەوتنەوەیان لە بنەما ڕەسەکانی ئیسلام بووە (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، 1397: 7). ئایەتوڵڵا خومەینی لە چەندین وتاردا کە بەشێوەیەکی هێرشبەرانە ئاراستەی حکومەتی عێراق و سەددام حوسێنی کردبوو، ئەوی بە کەسێکی ناموسڵمان و حیزبەکەی بە نائیسلامی دەناساند و لە بەرانبەردا شۆڕشی ئێرانی بە ئیسلامیی، سوپاکەی بە سوپای ئیسلام و وڵاتەکە بە وڵاتی ئیسلامی ناو دەبرد. لەبەر ئەوە ڕوو دەکاتە سوپای عێراق و پێیان دەڵێت: "ئەم جەنگە دژ بە ئیسلامە، ئایا سوپای عێراق ئامادەیە دژ بە ئیسلام بجەنگێت؟" (خمینی، 12/1385: 245). خومەینی بانگەشەی ئیسلامێتیی سەددام حوسێن بە درۆ دەخاتەوە و شەڕی ئەو دژ بە وڵات و حکومەتێکی ئیسلامی وەکو بەڵگەی بێ دینی (الحاد) سەددام حوسێن و حیزبەکەی دەهێنێتەوە (خمینی، 14/1385: 278) هەر بۆیە بەرگێکی تەواو ئایینی-ئیسلامی بە جەنگەکە دەبەخشێت و دەڵێت ئەم جەنگە، "جەنگی دژ بە قورئان، پێغەمبەری ئیسلام، وڵاتی پێغەمبەری ئیسلامە" (همان، 246). بۆیە لێرەوە ئامانجی خۆی ئاشکرا دەکات بەوەی : "ئێمە دەمانەوێت حکومەتێکی ئیسلامی دروست بکەین" (همانجا). دروستکردنی دوانەیەکی بڕوادار-بێ بڕوا، ئیسلام-نائیسلام و موسڵمان-کافر، لە وتارەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی بە ئاشکرا ڕەنگدانەوەی هەبووە، ئەمەش بۆ کۆمەڵگەیەکی بارگاویکراو بە گوتاری ئیسلامی-شیعیی پاش شۆڕش، زەمینەی کینە و ڕقی خۆش کردبوو.

ڕابەری ئێران لە چوارچێوەی ئەم گوتارەشدا، هێڵە سەرەکییەکانی بۆ سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دیاری کرد، کە خۆی لە "هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی"، "پشتیوانیکردن لە سەرجەم موستەزعەفینی جیهان" و "خەبات دژی ووڵاتانی موستەکبر" دەبینییەوە (خوجم لی، ١٣٩٢: ٧٦-٧٧؛ ازغندی، ١٣٩٥: ١٣٠) و بۆ هەریەک لەم هێڵانەش، ئامانج و پێناسەکانی خۆی ئاشکرا کردبوو؛ سەبارەت بە "هەناردەکردنی شۆرش"، لە چەند لێدوانێکیدا ئەوەی خستووەتە ڕوو کە ئامانجی هەناردەکردنی شۆڕش، ئامانجێکی مەعنەوی (ڕۆحی) و هۆشیارکردنەوەی لە پشتەوەیە. لێرەدا جەختی لەوە دەکردەوە کە ئامانجی شۆڕشەکە، پاوانخوازیی (فراوانخوازی) نییە، بەڵکو بەئاگاهێنانەوەی گەلانی جیهانە بەرانبەر بە وڵاتە زلهێزەکان: "ئەمەی کە دەڵێن پێویستە شۆڕشی ئێمە بۆ هەموو جیهان هەناردە بکرێت، ئەم مانا هەڵەیەی لێ دانەتاشن کە ئێمە دەمانەوێت پاوانخوازیی بکەین... مانای شۆڕشی ئێمە ئەوەیە کە هەموو گەلان هۆشیار ببنەوە و خۆیان لەم کێشانە و لە ژێردەستەیی، کە تیایدان و ئەم هەموو سەرچاوانەی هەیانە بەبا دەچێت و خۆیان بە هەژاریی دەژین ڕزگار بکەن" (خمینی ، ١٣٨٥/13: 281) و هەژموونی وڵاتانی "جیهانخۆر" لە ڕێگەی نفوزی ئیسلام بۆ وڵاتان کەم بکاتەوە (همان، 21/1385: 81). ئامانجێکی دیکە بۆ ئەوەیە وێنەی ڕاستەقینەی ئیسلام بە جیهانیان بگەیەنێت، کە وەك ئەرکێکی گەورە و کاریگەر، لە هەزاران تۆپ و تانك زیاتر دەبێت (همان، 18/1385: 364). بەم پێیە هەناردەکردنی شۆرش هەوڵی دەدا "نموونە"یەك لە ئیسلام لە جیهاندا -تەنانەت ئەگەر کەم و کورپی هەبێت- پیشانی گەلانی ستەملێکراو بدات، بۆ ئەوەی تێ بگەن ئیسلام چی پێیە و دەیەوێت چی بکات (همان، 18/1385: 157-158). هەروەها ئامانجێکی تر ئەوەیە قسەی خۆیان و گرفتارییەکانیان بە دەست زلهێزەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە جیهان بگەیەنن (همان، 19/1385: 414). سەبارەت بە شێواز و میکانیزمی ئەم ئامانجە، ئایەتوڵڵا خومەینی باسی لەوە کردووە ئەم هەناردەکردنە لە ڕێگەی "ڕاگەیاندنەکان، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان و ئەو گروپانەی کە دەچنە دەرەوە" ئەنجام بدرێت (همان، 18/1385: 364). لەگەڵ ئەمەشدا، وەك لە نموونەکانی دواتردا ئاماژەی پێ دەکەین، هاندانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی عێراق و دامەزراوە حکومییەکانی وەك سوپا بۆ ڕاپەرین و کودەتا دژ بە حکومەتی عێراق، پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەشێك لە گروپ و بەرە بەرهەڵستکارەکانی حکوەتی عێراق و

یارمەتیدانیان و هاندانی خەڵک بۆ یارمەتیدانی هێزە چەکدارەکانی ئێران لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیە کە ئامانجی شۆڕش پاوانخوازیی و دەستێوەردان نییە، یەکێ ناگرێتەوە.

سەبارەت بە چەمکەکانی موستەزعەفین و موستەکبرین، کە بە بەردەوامی لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی بەکار دەهات، سەبارەت بە چەمکی "المستعضفین"، دەستەواژەیەکە لە ڕەگی وشەی "ضعف" واتا لاواز-ەوە هاتووە و لە ڕووی زمانەوانییەوە بە واتای لاوازکراو، بێبەشکراو، ستەملێکراو و هەندێک جاریش زەحمەتکێش دێت، هاوکات لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە بۆ پێناسەکردنی کەسانێک بەکارهاتووە کە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە لاوازکراون و مافەکانیان زەوتکراوە، لە قورئانیشدا بۆ دەستەیەک یان کۆمەڵە خەڵکانێک بەکارهاتووە، کە لە ژێر ستەم و چەوساندنەوەی سیاسیی و کۆمەڵایەتییدان و لە لایەن دەستەیەکی دەسەڵاتدارەوە لە ماف و چیاوگەکانیان بێبەشکراون، هەندێکجاریش واتایەکی ئاینیی بۆ بەکاردێت بۆ ناساندنی کەسانێکی ئیماندار کە لە لایەن کەسانی گومڕا، خۆبەگەورەزان و لوتبەرزەوە چەوسێندراونەتەوە، لە قورئان-دا ستەملێکراوان بە ستەملێکراو و ستەمکارانی بە خۆبەزلزان ناودەبات. بۆ نموونە لە ئایەتی ٣١ تا ٣٣-ی سورەتی (سبأ)دا باس لە گفتوگۆی نێوان ئەم دوو دەستەیە دەکرێت: ﴿قُولُ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا... قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا... وَ قَالَ الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا﴾ (یونس، 2023: 141-145). "المستکبرین" دەستەواژەیەکە لە ڕەگی وشەی "مستکبر"ەوە وەرگیراوە، لە ڕووی زمانەوانییەوە هاوتای وشەکانی خۆبەزلزان، خۆبەگەورەزان و لوتبەرزو و خۆبەبەهێززانە، لە قورئاندا بۆ پێچەوانەی دەستەواژەی "المستضعفین" بەکارهاتووە، بەو واتایەی لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە خەڵکانێک دەگرێتەوە، کە خۆبەزلزان و ستەمکارن و هەوڵی سەپاندنی هێز و دەسەڵاتیان بەسەر لاوازو ستەملێکراواندا دەدەن، هەمان کات لە ڕووی ئاینییەوە بە واتای دەستەیەکی خۆبەزلزان دێت، کە هەوڵی چەواشەکردن و فریودانی لاواز و ستەملێکراوان دەدەن، بۆ نموونە لە ئایەتی ژمارە 32-ی سورەتی (سبأ) هاتووەو دەفەرموویێت: ﴿فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسْتَكْبَرُواْ فَقَالُواْ لِلَّذِينَ ٱسْتُضْعِفُوٓاْ أَنَحْنُ صَدَدْنَـٰكُمْ عَنِ ٱلْهُدَىٰ بَعْدَ إِذْ جَآءَكُم ۖ بَلْ كُنتُم مُّجْرِمِينَ﴾ (المصدر السابق، 133-140).

ئەم چەمکە لە لای ڕابەری ئێران و داڕێژەرانی ئایدۆلۆژیای حکومەتی ئیسلامی ئێران، پێناسەی تایبەت بەخۆی هەبووە. موستەزعەفین بۆ ئەو توێژەی کۆمەڵگە بەکار دەهات، کە کەوتبوونە ژێر باری ئازار و ستەمی موستەکبیرینەوە و لە ڕووی سیاسییەوە بەو وڵاتانە دەوترا، کە وابەستەی ستەمکاری جیهانی -بەتایبەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی- بوون و ئەرکی شۆڕشی ئیسلامی ئەوە بوو بە هانای ئەم دەوڵەتانەوە بچێت، بۆ ئەوەی بە یەکگرتوویی لەگەڵیان، دژی ستەمکاریی جیهانی بووەستنەوە. ئایەتوڵڵا حوسێنعەلی مونتەزەری (1922-2009)، یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و جێنشین (قایم مەقام)ی ڕابەری ئێران لە ساڵانی 1985-1989، لە لێکدانەوەیەکدا، چەمکی موستەزعەف لە چەمکی "زەعیف" جیا دەکاتەوە، بە جۆرێک کە زەعیف لە خودی خۆیدا بێ توانا و لاوازە، بەڵام موستەزعەف کەسێکە کە لە لایەن موستەکبیرینەوە بە لاوازیی هێڵدراوەتەوە، لە کاتێکدا توانا و زیرەکی هەیە و دەتوانێت پێش بکەوێت، بەڵام کەسانێک بوون بە لەمپەڕ بۆ ئەوەی گەشە بکات (منتظری، 1367: 6). بەپێی لێکدانەوەیەکی دیکە، چەمکی موستەزعەفین تەنیا موسڵمانانی نەدەگرتەوە، بەڵکو بەپێی بنەماکانی ئیسلام -بە لێکدانەوەی شۆڕشگێڕان- پێویست بوو پشتگیری لە ناموسڵمانانیش -تەنانەت ئەگەر کافریش بن- بکرێت، بەو مەرجەی دوژمن نەبن. هەروەها موستەزعەفین بە واتای ستەملێکراویش (مظلوم) دەهات، واتا کەسێک کە دەسەڵاتە موستەکبرەکەی قبووڵ کردووە (صورت مشروح مذاکرات مجلس،... 1/1364: 301-302). لەسەر ئەم بنەمایە، موستەکبر دەیتوانی "دیکتاتۆرێکی ناوخۆیی"ش بێت، کە لە لایەن دەسەڵاتێکی موستەکبیری دەرەکی پشتگیری دەکرێت و گەلەکەی دەچەوسێنێتەوە و پلانەکانی وڵاتانی بێگانە جێبەجێ دەکات، بە نموونە عێراق.

بەپێی ئەم لێکدانەوە و بۆچوونەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی کە بە ئاراستەی هەموو گەلانی جیهان داڕێژرابوو، جیاوازی لە نێوان شیعە و سوننە و گەلانی تر جیهان نەکرابوو، بەڵکو هەوڵ درابوو شۆڕشی ئێران بە شۆڕشێکی مافخواز و دادخوازانەی هەموو گەلانی جیهان بناسێنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا، شیعەکان بە "سیمبولی ستەملێکراوان" و نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی جیهان و ئاینیەکان دانراوە (زونیس و برومبرگ، ١٣٦٨: ٧٩). بەم پێودانگە ئایەتوڵڵا خومەینی، گەلی ئێرانی بە گەلێکی ستەملێکراو (مظلوم) دەزانێت کە تاوانیان ئەوە بووە دەیانویست خزمەتی ئیسلام بکەن و بۆ ئیسلام بگەڕێنەوە و لە ژێر ئاڵای ئیسلام بن (خمینی، 14/1385: 162). بە واتایەکی تر و بەپێی ئەم لێکدانەوانە، گەلی ئێران هەتا ئەو کاتەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی پەهلەوی -کە خۆی وابەستەی دەسەڵاتە موستەکبرەکان بوو- بوون، گەلێکی موستەزعەف بوون، بەڵام بە هۆی شۆڕشەوە توانیان خۆیان لە دۆخی موستەزعەفبوون دەربێنن و ڕزگار بن، بەڵام لە هەمان کاتدا گەلێکی ستەملێکراو بوون. لەسەر بنەمای ئەم ڕاڤەیە، گەلی عێراق هاوشێوەی گەلی ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوی، هەم گەلێکی موستەزعەف و هەم گەلێکی ستەملێکراوی بندەستی دەسەڵاتێکی وابەستەی هێزە ستەمکار و موستەکبارەکان بوون. ئایەتوڵڵا خومەینی لە چەندین وتاردا حکومەتی عێراق و ڕژێمی بەعس بە ئەڵقەبەگوێ، داردەست، ملکەچ و کۆیلەی وڵاتانی زلهێز (بەتایبەتی ئەمریکا و ئیسرائیل)، ئیمپریالیزم و دوژمنی گەلە هەژارەکان ناو دەبات (خمینی، 13/1385: 268، 230؛ خمینی، 15/1385: 129؛ خمینی، 16/1385: 258).

بەپێی گوتارەکانی ڕابەری ئێران، لە ئاستی ناوخۆییدا، بۆ هەر یەکێک لە موستەزعەف و موستەکبرین، چین و توێژە جیاوازەکانی جیا کردۆتەوە؛ موستەکبیرینی دژ بە شۆڕش بریتی بوون لە: سەرمایەدارە دەرەکییەکان و هێزدارە دەسەڵاتخوازەکان، سوڵتان و ئەعیان و ئەشراف، سەرمایەدارە گەورەکان، خاوەن زەوییە گەورەکان، خاوەن کارگە گەورەکان و پیاوانی ئاینیی سەر بە دەسەڵات (آخوند درباری). موستەزعەفین بریتی بوون لە: زانایانی ئاینیی ڕاستەقینە، کاسبکاران، ئیمانداران، خەڵکی ناوچە هەژارنشینەکان (زاغەنشین)، پێ پەتییەکان، گەنجانی زانکۆ، کرێکار، جووتیار، توێژی گەنجان، چینی خوارەوە و گروپەکانی تری چینی ناوەند. ئەمە جگە لەوەی توێژێکی بێ لایەنیش بوونی هەبووە کە لە بازرگانەکانی بازاڕ، بەشێک لە وەزیر و فەرمانبەران، سەربازەکان و بەشێک لە چینی سەرووی کۆمەڵگە پێک دەهاتن (مقدس، 1377: 376). بە شێوەیەکی گشتی، سیفەتی هاوبەشی سەرجەم موستەزعەفین، "ستەملێکراوی"یە و سیفەتی هاوبەشی سەرجەم موستەکبیرین بریتی بوو لە "ستەمکردن" (همان، 371).

لە دیدی ئایەتوڵڵا خومەینی، ئەمریکا و ئیسرائیل دوو سیمبولی گەورەی وڵاتانی موستەکبرن؛ سەبارەت بە ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ئامادە نەبوو بە فەرمی بیناسێنێت، بەڵکو بەپێی وتارێکی ڕاشکاوی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٨٢ و لە ڕستەیەکی بەناوبانگی سەبارەت بە ئیسرائیل: "ئێمە دەڵێین کە دەبێت ئیسرائیل لە پەڕەی ڕۆژگار بسڕدرێتەوە..." (خمینی، 16/1385: 490)، یەکێک لە ئامانجەکانی شۆڕش، دژایەتییەکی هەمیشەیی ئەم دەوڵەتە بووە. هەر بۆیە ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، هەرجۆرە سازش و دانوستانێکی

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئەم وڵاتە ڕەت کردەوە و بووە یەکێک لە بنەما نەگۆڕەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. سەبارەت بە ئەمریکا، شێوازی مامەڵەکردن و سیاسەتەکانی بەرانبەر بە ئێران، جۆری پەیوەندییەکانی دیاری دەکرد؛ ئایەتوڵڵا خومەینی، ئەمریکا بە دیارترین نموونەی وڵاتێکی موستەکبر ناو دەهێنا، هەر بۆیە پێی وابووە: "پەیوەندییەکانی ئێمەی لەگەڵ ئەمریکا، پەیوەندییەکانی ستەملێکراوێکە لەگەڵ ستەمکارێك" (خمینی، ١٣٨٥/٧: ٣٥٧)، بۆیە بەردەوام بە گومانەوە لە ئەمریکا و سیاسەتەکانی دەیڕوانی، هەتا ئەو ڕادەیەی پێی وابوو ئێران پێویستی بە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا نییە: "هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا شەرافەتی نییە...ئێمە بمانەوێت لەگەڵ ئەمانە پەیوەندیمان هەبێت؟ باشتر وایە لەگەڵ ئەمانە پەیوەندیمان نەبێت" (خمینی، 11/1385: 303). بەم شێوەیە لە دیدی ئایەتوڵڵا خومەینی، هەناردەکردنی شۆڕش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە خەبات دژ بە وڵاتانی ستەمکاری جیهانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل و ستەمکاری هەرێمی وەک ڕژێمی بەعس لە عێراق هەیە و بەبێ دروستکردنی بەرەیەکی جیهادی لەو وڵاتانەی کە خەڵکەکەی دەچەوسێنەوە و خەباتکردنیان لە ژێر ڕۆشنایی ئیسلام و "شۆڕشی ئیسلامیی ئێران" وەک سیمبولی شۆڕشێکی دژ بە ستەمکارانی ناوخۆیی و جیهانی و دواتر دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی، ئامانجی هەناردەکردنی شۆڕش نایەتە دی.

### 3-1 دەستوری بنەڕەتی و ئەرکی شۆڕش

بابەتی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ ئەوەی ببوایە بە بنەمایەکی سەرەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کاری لەسەر بکرایە، پێویست بوو لە دەستووری بنەڕەتیی دەوڵەتدا جێ بکرێتەوە؛ لەگەڵ ئەمەشدا لە هیچ مادەیەکی دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، چەمکی "هەناردەکردنی شۆڕش" بەکار نەهاتووە و ئاماژەی ڕاستەوخۆی پێ نەدراوە، بەڵام لە پێشەکی و چەند مادەیەکی دەستووریدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی "شۆڕشی ئیسلامی" و گوتاری ئایەتوڵڵا خومەینی، حەز و خولیای شۆڕشگێڕان و یاسادانەران تێبینی دەکرێت. لە پێشەکی و لە بابەتی "شێوازی حکومەت لە ئیسلام" ئاماژە بەوە کراوە ئەرکی دەستووری بنەڕەتی ئەوەیە زەمینەی بیروباوەڕەکانی بزاڤی ئیسلامی بکاتە واقیع و پیادەی بکات، بەو پێیەی کە ناوەڕۆکی "شۆڕشی ئیسلامیی ئێران" جووڵانەوەیەك بۆ سەرکەوتنی موستەزعەفین بەسەر موستەکبرین بوو، بە جۆرێك کە "زەمینەی بەردەوامی ئەم شۆڕشە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ئامادە بکات" و درێژە بە خەباتی ڕزگارکردنی گەلانی بێ بەش و ستەملێکراو لە "هەموو جیهان" بدات (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، 1398: 10). هەر لەم پێشەکییەدا و لە ژێر ناونیشانی "سوپای ڕێباز" هاتووە، ئەرکێکی دیکەی سوپای کۆماری ئیسلامی (ارتش جمهوری اسلامی) و سوپای پاسداران، جگە لە پاراستنی سنوورەکان، بریتییە لە ئەرکی ڕێبازی شۆڕش: "واتا جیهاد لە ڕێی خوا و خەبات لە پێناو فراوانکردنی دەسەڵاتداری لە جیهاندا" (همان، ص 11-12).

سەبارەت بە مادەکانی دەستوور، بە ناڕاستەوخۆیی بابەتی هەناردەکردنی شۆڕش و پشتیوانی لە گەلانی موستەزعەف و ستەملێکراو ئاماژەی پێ دراوە؛ لە مادەی (154) و سەبارەت بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە، هاتووە: "کۆماری ئیسلامیی ئێران خۆشبەختیی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە ئامانجی خۆی دەزانێت و سەربەخۆیی و ئازادی، حکومەتی حەق و یەکسانی بە مافی هەموو خەڵکی جیهان دەزانێت. هەر بۆیە سەرەڕای خودوورگرتنی تەواو لە هەرجۆرە دەستێوەردانێک لە بابەتی ناوخۆیی گەلانی دیکە، بەرگریی لە خەباتی مافخوازانەی موستەزعەفین لە بەرانبەر موستەکبرین لە هەر شوێنێکی جیهان دەکات" (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، 1359: اصل 154). هەر سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە و لە مادەی (١٥٢) دا، کۆماری ئیسلامیی ئێران باس لە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکان و بانگەشەی ئەوە دەکات ویستی سەپاندنی دەسەڵاتی نییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، ئامادەی بەرگریکردنە لە مافی هەموو موسڵمانانی جیهان. سەبارەت بە کرۆکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەم مادەیەدا هاتووە: "سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە سەپاندنی دەسەڵات (سلطەجویی) و چوونە ژێر دەسەڵات (سلطەپذیری)، پاراستنی سەربەخۆیی هەمەلایەنە و یەکپارچەیی خاکی وڵات، بەرگریکردن لە مافی هەموو موسڵمانان، پابەندنەبوون بەرانبەر هێزە خۆسەپێنەکان و پەیوەندی ئاشتیخوازنە لەگەڵ وڵاتانی شەڕنەخواز، ڕاوەستاوە" (قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، فصل دهم: اصل 152). هەروەها لە خاڵی 16 لە مادەی سێیەمی دەستووردا هاتووە: "ڕێکخستنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات لەسەر پێوەرەکانی ئیسلام، بەڵێنی برایەتی بۆ سەرجەم موسڵمانان و پشتیوانی بێ ئەمەکی چەوساوەکانی جیهان" (همان، اصل 3).

مادە دەستورییەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوە، کە وردەکاری زیاتری لەسەر نەدراوە، جۆرێک لە ناڕوونی و دژبەیەکی هەستی پێدەکرێت؛ لە کاتێکدا باس لە خۆ بەدوورگرتن لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان دەکرێت، بەڵام لە بەرانبەردا کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو مافە بە خۆی دەدات، کە بەرگریی لە هەر وڵاتێک بکات، کە بە پێناسەی ئەو دەچێتە خانەی وڵاتانی چەوساوە لە بەرانبەر وڵاتانی ستەمکار و ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتیدانی ئەو وڵاتانە وەک بنەمایەکی دەستوری وڵاتەکەی دەربڕیوە (فاضل، ٢٠١٠: ٦٩). ئەم ناڕوونییە لە ڕاستیدا بۆ دوو ئاراستەی جیاوازی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەرەتای شۆڕشەوە دەگەڕایەوە؛ ئاراستەی یەکەم، کاری بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و جێگیربوونی سنوورەکانی ئێران دەکرد و ئاراستەی دووەم، هەوڵی دەدا لە ڕێگەی یەکگرتنی شیعەکانی جیهان، ئامانجی بەئیسلامیکردنی جیهان لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی ئیسلامی شیعە بەدی بهێنێت (توآل، ١٣٧٦: ٤٦). ئەمە جیا لەوەی یەکلاییەنەبوونەوەی مادەکانی دەستووری بنەڕەتی -بەتایبەتی لە بابەتی پاڵپشتی گەلانی موستەزعەف- بووە هۆی ئەوەی کە سەبارەت بە ئاراستەی ئایدۆلۆژیایی ئێرانیش، دوو بۆچوونی جیاواز بێتەکایەوە؛ گروپێک پێیان وابوو پاڵپشتی موستەزعەفان لە لایەن ئێرانەوە لە بانگەشەیەک زیاتر نییە و بە مەبەستی پاراستنی پێگەی خۆیەتی لە ناوچەکەدا، لە کاتێکدا بەشێکی تر بە پێچەوانەوە، پێیان وابوو ئامانجی پاوانخوازیی و داپۆشینی خەونی "ئیمپریالیزمی شیعە"یە لە ناوچەکەدا (آقایی، 1385: 4).

گرنگی و هەستیاری ئەم بابەتە لە دانیشتنێکی پەرلەمانی تایبەت پێداچوونەوەی دەستوور لە 5ی ئەیلوولی 1979 دەبینرێت کاتێك سەبارەت بە مادەی سێیەمی دەستوور و خاڵی ژمارە (16) کە بە ناڕاستەوخۆیی باس لە هەناردەکردنی شۆڕشی تێدایە، بۆچوون و لێکدانەوە جیاوازەکانی نێوان ئەندام پەرلەمان دەرکەوت. مادەی (16) سەرەتا بەم شێوەیە داڕێژرابوو: "سازکردنی پەیوەندی دادپەروەرانە لەگەڵ هەموو گەلان و بەڵێندانی برادەرانە بەرانبەر گەلە موسڵمانەکان و پشتیوانیی هەمەلایەنە لە هەموو ستەملێکراوانی جیهان" (صورت مشروح مذاکرات مجلس...، 1/1364: 287). دەستەواژەی "پشتیوانیی هەمەلایەنە" زۆرترین قسەی لەسەر کرا و پەرلەمانتاران بوون بە دوو بەشەوە؛ بەشێکیان وەك هاشمی نەژاد، مونتەزەری و زیایی و تاهری ئەسفەهانی بە هۆکارەکانی ئەوەی لەوانەیە ئەم دەربڕینەوە بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان لێك بدرێتەوە لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی لە قۆناغی خۆڕێکخستنەوە

و بەرچاوڕوونی نییە، لەگەڵ لابردنی ئەم دەستەواژەیە بوون (هەمان، 300-303). هەروەها بەشێکی تریان لەگەڵ گرتنەبەری سیاسەتی بێلایەنی (عدم تعهد) بوون (هەمان، 300 و 306). لە لایەکی ترەوە بەشێك لە پەرلەمانتارانی وەکو حوجەتی کرمانی پێیان وابوو، بەپێی دەقی قورئان، پێویستە "بە هەموو هێزەوە" پشتیوانی لە گەلانی ستەملێکراوی جیهان بکرێت. (هەمان، 304). ئەم بابەتە لە ڕووەوە گرنگ بوو، کە لە چەندین لێدوان و وتاری ئایەتوڵڵا خومەینی، بە ڕاشکاوی، پشتگیریی خۆی بۆ بزاڤ و جووڵانەوە دژ بە زلهێز و ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان ڕاگەیاندبوو: "من جارێکی تر پشتیوانی خۆم لە تەواوی بزووتنەوە، بەرە و ئەو گروپانەی بۆ ڕزگاری لە چنگی زلهێزە چەپ و ڕاستەکان دەجەنگێن، ڕادەگەیەنم" (خمینی، 11/1385: 203)، "ئێمە لە تەواوی بزاڤە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری جیهان کە لە ڕێی خودا و حەق و ڕاستی و ئازادیی خەبات دەکەن، پشتیوانی دەکەین" (هەمان، 110).

دواجار لە دانیشتنی ڕۆژی دواتر دا، بەندی شانزەیەم بەم شێوەیە دەنگی پێ درا: "ڕێکخستنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات لەسەر بنەمای پێوەرە ئیسلامییەکان، بەڵێندانی برادەرانە بەرانبەر بە موسڵمانان و پشتیوانی بێ وچان لە ستەملێکراوانی جیهان" (هەمان، 313). لەگەڵ ئەمەشدا، بەشێك لە بڕیاردەرانی شۆڕش هەستیان بە هەستیاری و مەترسییەکانی گرتنەبەری ئەم سیاسەتە کردبوو یان لانیکەم لە لێداوانەکانیاندا وا دەردەکەوت. بۆ نموونە ئایەتوڵڵا ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی (1934-2017) لە ساڵی 1982، ئاماژەی بەوە داوە کە یارمەتیدانی بزاڤە ئازادیخوازەکان، بابەتێکی ورد و هەستیارە و ئەگەرچی ئەمە "ئەرك"ێکە لەسەر خەڵکی ئێران بۆ یارمەتیدانی وڵاتانی چەوساوە و دەستووریش ئەم ئەرکەی خستووەتە ئەستۆی حکومەت و بزاڤەکانیش دەتوانن پشت بە ئێران ببەستن، بەڵام ئەگەر بە بەرنامە و لێکدانەوەی بەرژەوەندییەکانەوە مامەڵە نەکرێت، خودی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەکەوێتە مەترسییەوە، هەر بۆیە پێویستە دیاری بکرێت یارمەتی کام بزاڤە دەدرێت، دیاری بکرێت چ دامەزراوەیەك بە کارە هەڵدەستێت و حکومەتیش چاودێری بکات (رفسنجانی، 2024). ئاقایی، توێژەری بواری شۆڕشی ئێران، ئاماژە بەوە دەکات، لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی ڕابەرانی ئێران لەسەر هەناردەکردنی شۆڕش یەکدەنگ بوون، بەڵام لە پێویستیان دەزانی ئەم سیاسەتە نەرمەهێز بێت و لە ڕێگەی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر بیروبۆچونی گەلان و لە چوارچێوەی پەیامی ڕزگاریخوازیی ئیسلام کار بکات (آقایی، 1385: 4)، هەرچەندە، ئەم تێڕوانینە لەگەڵ گوتارە زبر، هەڕەشەئامێز و دنەدەرەکانی ڕابەری ئێران، یەکی نەدەگرتەوە و لەگەڵ دەرکەوتنی ئاماژەکانی جەنگ و لە ماوەی جەنگدا، گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش، ڕادیکاڵانەتر دەبوو.

## بەشی دووەم
## دەرهاویشتە و دەرئەنجامی هەناردەکردنی شۆڕش

### 1-2 گوتاری شۆڕش بە ئاراستەی دەرەوەی وڵات

لە دوای جێگیربوونی شۆڕش، دوو بۆچوون سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە هاتە کایەوە؛ بۆچوونی یەکەم، لە لایەن ڕەوتی نیشتمانی-مەزهەبی (ملی مذهبی) پێشنیار کرا کە پێیان وابوو پێویستە هەموو تواناکانی وڵات بۆ بنیاتنانەوەی ناوخۆیی بەکار بێت و ئێرانی پاش شۆڕش وەك مۆدێلێکی سەرکەوتوو پیشانی جیهان بدرێت. بۆچوونی دووەم کە لە لایەن شۆڕشگێرە ئامانجخوازەکانەوە ئاراستە دەکرا، جەختی لەسەر هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی ئێران دەکرد (حضرتی و دیگران: 1395: 88). کاتێك مەهدی بازرگان (1907-1995) وەك کەسایەتییەکی دیاری ڕەوتی نیشتمانی-مەزهەبی و ئەندامی بزاڤی ئازادی (نهضت آزادی) لە 6ی شوباتی 1979 وەك یەکەمین سەرۆك وەزیرانی پاش شۆڕش دیاریکرا و کابینەی کاتی (1979/2/4-1980/11/6) پێکهێنا، بە ئاشکرا دژی هەر جۆرە بەریەککەوتنێکی دەرەکی لە چوارچێوەی گوتارەکانی شۆڕش بوو. نموونەی دیاری ئەم جۆرە سیاسەتە وەك کە لە بیرەوەرییەکانی ئیبراهیم یەزدی (1931-2017)، وەزیری دەرەوەی کابینەی کاتی ئاماژەی پێ کراوە، بۆ هەوڵە دیپلۆماسییەکانی کابینەی بازرگان لە پاش هێرشی عێراق لە زستانی 1979 بۆ ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای ئێران دەگەڕێتەوە، بە جۆرێك کە بەریەککەوتنی ڕاستەخۆ و گرژبوونی پەیوەندییەکان، ڕێگری لێ کرا (تاریخ شفاهی، 1393). یەزدی باسی جموجوڵەکانی لە کۆنفراسی وڵاتانی بێلایەن لە کوبا دەکات، کە هەوڵی دابوو نیگەرانی ڕابەرانی عەرەب بڕەوێنێتەوە و هەر لەوێدا لەگەڵ سەددام حوسێن-یش دیداری کردبوو (تاریخ آنلاین، 2024). عومەر ساڵح ئەلعەلی، نوێنەری حکومەتی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە چاوپێکەوتنێکدا هەوڵەکانی یەزدی لە پەراوێزی کۆنفرانسی وڵاتانی بێلایەن لە کوبا و دیداری لەگەڵ سەددام حوسێن بە ئامانجی هێورکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان هەردوو وڵات، پشتڕاست دەکاتەوە. (شاهد علی العصر، 2021). بەڵام بە دەستلەکارکێشانەوەی مەهدی بازرگان لە تشرینی دووەمی 1980 بە هۆی ناڕەزایەتی بەرانبەر پەلاماری بەشێك لە خوێندکارانی زانکۆ بۆ سەر سەفارەتی ئەمریکا لە تاران، ئەم سیاسەتە گۆڕانکاری بەسەردا هات. بازرگان دواتر و لە سێیەم ساڵی جەنگی هەشت ساڵە، لە شرۆڤەیەکدا پێی وابوو کە شۆڕشی ئێران لە پاش ساڵی 1979-ەوە، ئاڕاستەیەکی جیاوازی وەرگرت و لە ئاراستە ڕەسەنەکەی خۆی لایدا. ئەو بە ڕەخنەگرتن لە بەئایدۆلۆژیاییکردنی شۆڕش، گوتارە شەڕەنگێز و دنەدەرەکان، توندڕەوییەکانی شۆڕشگێڕان و لە ئاستی دەرەوە سیاسەتی دژایەتیی هەر جۆرە ئاشنایی و پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا، پێی وابوو شۆڕش بەلاڕێدا چوو و بۆ ئەمە نموونەی کاردانەوەی سەرۆك کۆمار و ئایەتوڵڵا خومەینی لە پاش هێرشە سەرەتاییەکانی حکومەتی عێراق دەهێنێتەوە، کە بە چاوێکی کەم و بەدڵنیاییەکەی لەسەرخۆیانە، باسی بێ کاریگەریی هێرشەکانیان دەکرد (بازرگان، 1363: 60).

ئایەتوڵڵا خومەینی لە چەند وتاردا هەناردەکردنی شۆڕش بە یەکێك لە ئەرکەکانی سیاسەتی دەرەوەی داناوە و بە ڕاشکاوانە بەرگریی لێ کردووە: "ئێمە چەندین جار ئەم واقع و ڕاستییە لە سیاسەتی دەرەوە و نێودەوڵەتیی ئیسلامیمان ڕاگەیاندووە کە لە هەوڵی بڵاوەکردنی نفوزی ئیسلام لە جیهان و کەمکردنەوەی هەژموونی جیهانخۆران بووین و هەین" (خمینی، 21/1385: 81)، ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران جەخت لەو خاڵە دەکاتەوە، ئەگەر وڵاتانی "ئەڵقە لە گوێی ئەمریکا" ناوی فراوانخوازی و بیرۆکەی "ئەمپراتۆری گەورە" لەمە دەنێن، باکیان لێ نییە و تەنانەت پێشوازیی لێ دەکەن. خومەینی بانگەشەی ئەوە دەکات: "ئێمە لە هەوڵی وشکاندنی ڕیشەکانی فاسدی زایۆنیزم، سەرمایەداری و کۆمۆنیزم لە جیهانداین. ئێمە بڕیارمان داوە، بە لوتف و پشتیوانیی خوای گەورە، ئەو سیستمانەی کە لەسەر ئەم سێ پایەیە ڕاوەستاون، لە نێو دەبەین (هەمانجا). ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بە زمانێکی هەڕەشەئامێز بە وڵاتانی کەنداو دەڵێت: "ئێوە دەوڵەتەکانی کەنداو و غەیەرە کەنداو لە هەوڵی ئەوەدان نەهێڵن ئیسلام یەك هەنگاو لە ئێران بێتەدەر، لە کاتێکدا بە پێچەوانەی حەزی ئێوە، پێی ناوەتەوە و دەشیهێنێتە دەرەوە" (خمینی، 18/1385: 158).

بەم شێوەیە، ئێران لە سیاسەتی دەرەوە گوتارێکی گرتەبەر کە لانیکەم لە ڕواڵەتدا وای دەردەخست سەر بە هیچ جەمسەرێکی ڕۆژئاوا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و ڕۆژهەڵات بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤییەت نییە. ئەم ستراتیژییە کە بە سیاسەتی "نە

ڕۆژهەڵات نە ڕۆژئاوا" ناوی دەرکرد، پێکهاتەکانی سیستمی نێودەوڵەتی پێ پەسەند نەبوو و لە هەوڵی هێنانە کایەی "نەزمێکی جیهانیی ئیسلامی" لە ڕێگەی هەناردەکردنی شۆڕش بوو (آقایی، 1385: 17). ڕابەری ئێران چەندین جار لە وتەکانیدا دروشمی "نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا"ی بەکار هێناوێ و ڕایگەیاندبوو شۆڕشی ئێران هاوشێوەی شۆڕشەکانی تر نییە کە نیشتمانی یان حیزبی بێت، بەڵکو شۆڕشێکی ئیسلامییە کە داوای کۆماری ئیسلامی دەکات و دروشمی هەموو گەلی ئێران بریتییە لە "نە ڕۆژهەلات نە ڕۆژئاوا، کۆماری ئیسلامی" (خمینی، 12/1385: 307). بۆیە مەرجی سەرکەوتنی شۆڕش ئەوە بوو کە ڕژێمێك لەسەر پایەی نە ڕۆهەڵات، نە ڕۆژئاوا بێتە کایەوە (همان، 21/1385: 143) و داوای لە خوێندکارانی زانستە ئایینی (طلبە) و خوێندکارانی زانکۆ کردبوو کە لەسەر ئەم دروشمە وەك "بنەڕەتێکی نەگۆڕ" بەردەوام بن و وەك ڕۆڵەکانی شۆڕش نەهێڵن کە لە هیچ شوێنێك دەست و پێوەنەکانی سۆڤێت و ئەمەریکا نفوز بکەن (همان، 195). بەشێکی ئەم ستراتیژییە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە شۆرشگێران بەتەواوی بە چاوێکی بەدبینانە لە هێزە دەرەکییەکانیان دەڕوانی و تەنانەت دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیان بە ژێردەستەی وڵاتانی زلهێزی وەك ئەمریکا دەزانی و متمانەیان بە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبوو (شیرعلی نیا، 197).

ئایەتوڵڵا خومەینی لە چەندین وتاردا بە ئاشکرا هانی چین و توێژە جیاوازەکانی گەلانی عێراقی دا بۆ ئەوەی دژی حکومەت ڕاپەڕن؛ جەعفەر شیرعەلی نیا، لێکۆڵەری ئێرانی، پێی وایە، یەکەمین وتاری ئایەتوڵڵا خومەینی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش دژ بە سەددام حوسێن بۆ 8-ی نیسانی 1980 دەگەڕێتەوە، واتا پێنج مانگ پێش دەستپێکردنی شەڕی هەشت ساڵە (همان، 41). ئەو لە وتارەکەیدا، سەددام حوسێن و ئەنوەر سادات بە "خۆرە خائینەکان" ناو دەبات کە هاوشێوەی محەمەدڕەزا شا، ملکەچی ئەمریکا بوون. خومەینی لە درێژەی وتارەکەیدا سەددام بە کەسێکی "ناحەزی نائیسلامی" پێناسەی دەکات کە دژی ئیسلام و زانایانی ئیسلام -بە تایبەتی شیعەکان- وەستاوەتەوە و حیزبەکەی "نامرۆڤانە و نایاساییە" (خمینی، 12/1385: 233). ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە چەندین وتاردا سەددام حوسێن بە توندترین وەسفەکانی وەك کەسێکی مەترسیدار، گەندەڵ، ترسنۆك، فێڵباز، دڕندە، درۆزن و فاسق وەسف کردووە (خمینی، 1392: 455-478). ئایەتوڵڵا خومەینی تەنانەت لە وڵامی پەیامی پیرۆزبایی ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرۆك کۆماری عێراق، بە بۆنەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و جێگیربوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە توانجەوە ئاماژە بەوە دەکات کە هۆکاری شۆڕشی ئێران بۆ دیکتاتۆریی و سەرکوتکاریی حکومەتی پەهلەوی دەگەڕایەوە و ئەمە "هۆشدارییەك" بووە بۆ هەموو موستەکبەران بەرانبەر بە موستەزعەفان (خمینی، 7/1385: 32). خومەینی لە وتارێکدا لە نێو هۆزە عەرەبزمانەکانی باشووری ئێران (ئەهواز و خوزستان)، سەددام بە "کویلە"ی وڵاتە زلهێزەکان و دوژمنی گەلان و لە نێویاندا عەرەبەکان ناو دەبات و هیوایان پێدەبەخشێت، کە بە یارمەتی ئەوان ئەم دەسەڵاتە لە نێو ببرێت (خمینی، 13/1385: 443-446). لە وتارێکی تردا داوا لە هۆزەکانی دیجلە و فورات و سوپای عێراق دەکات کە دژ بە "دەسەڵاتی گەندەڵ"ی عێراق ڕاپەڕن و دەستی "تاوانکار" و "خوێنڕێژی" سەددام لە وڵاتەکەیان ببڕن (خمینی، 12/1385: 234). هەروەها، داوا لە "دەسەڵاتدارە دیندار و باشەکان"، هێزە سەربازییەکان و خوێندکارانی زانکۆ دەکات، کە دژی دەسەڵاتی "ستەمکاری"ی حیزبی بەعس بووەستنەوە و بە ڕاپەڕینێکی "ئیسلامییانە" هەوڵ بدەن "حکومەتێکی ئیسلام" بهێننە سەر دەسەڵات (خمینی، ١٢/١٣٨٥: ٤٤ و ٥٦). خومەینی داوا لە سوپای عێراق دەکات دژی حکومەتی بەعس ڕاپەڕن و لە ڕێگەی "کودەتا"وە ئەم حکومەتە لەنێو ببەن (خمینی، 12/1385: 247) و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی بەعس بە "ئەرکێکی شەرعی، خودایی و مرۆڤانە" دەزانێت، چونکە جەنگەکە لە نێوان ئیسلام-قورئان و کافر-ئیلحادە و جیا لە سوپایی، پلەدار و سەربازە موسڵمانەکان، داوا لە چینی کرێکار و فەرمانبەر موسڵمانەکان دەکات مان بگرن و بە خۆپێشاندان، دژایەتی خۆیان پێشان بدەن (خمینی، 13/1385: 230-231).

وتارەکانی ڕابەری ئێران لە ساڵانی سەرەتای جەنگدا کە هاوکات بوو لەگەڵ سەرکەوتنەکانی ئێران لە بەرەکانی جەنگدا، جۆش و خرۆشی زیاتری پێوە دیار بوو؛ ئەو لە وتارێکیدا لە ساڵی 1981، عێراق بە وڵاتی دەستپێکەری شەڕ و دەستدرێژیکەر ناو دەبات و ئەگەری سازش و ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت: "ئاشتی نیوان ئیسلام و کوفر مانای نییە. هیچ موسڵمانێك نابێت خەیاڵی ئەوە بکات کە پێویستە لە نێوان ئیسلام و نائیسلام وموسڵمان و ناموسڵمان ئاشتی بێتە کایەوە" (خمینی، 14/1385: 164). لە وتارێکدا بە بۆنەی هەڵمەت (عملیات)ی ڕەمەزان (1982/7/13-1982/7/29) کە ئاڕاستەی گەل و سوپای عێراقی کردووە، دەڵێت: "گەلی ئازیزی عێراق، ئێستا کە برایانی ئێوە بۆ پاراستنی نیشتمانی خۆیان و ڕزگارکردنی برا ئازیزە لە بەندکراوەانیان بۆ لای ئێوە هاتوون، ڕاپەڕن... برایانی ئازیزی ئێوە و گەلی شەریفی ئێران لە پشت بەرەکانی جەنگەوە دێنە نێو بەرەکانی جەنگەوە..." (خمینی، 16/1385: 375-376). خومەینی داوا لە گەلی عێراق دەکات کە ئەم هەلە بقۆزنەوە و بە یارمەتیدانی برایانی ئێرانیی خۆیان، وڵاتەکەیان ڕزگار بکەن، چونکە: "ئەم ساتە لە هەستیارترین ساتەکانە، یان سەرکەوتنی ئیسلام بەسەر کوفری عەفلەقییەکان (مەبەستی میشێل ئەفلەقە) یان خوانەخواستە ئەگەر کەمتەرخەمییەك یان گوێنەدانێك ڕوو بدات، شکستی ئیسلام و نەنگی گەل بۆ هەمیشە [بە دوای خوێدا دەهێنێت]" (همان، 376).

هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران تەنها لە ئاستی گوتار و ڕاگەیاندنەکاندا نەوەستا، بەڵکو لە ساڵانی جەنگی هەشت ساڵە، ئێران لە هەوڵی دروستکردنی هێز و بەرە بەرهەڵستکارە شیعەکانی دژ بە حکومەتی عێراق بوو. دیارترینی ئەم نموونانە، پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی (المجلس الأعلى للثورة الإسلامية) وەکو ڕێکخراوێکی ئیسلامی-سیاسی بوو کە لە ڕێکەوتی ٢٨-ی تەشرینی دووەمی ١٩٨٢ لە وڵاتی ئێران پێکهێنرا و یەکەمین کۆنگرەی ئەم حیزبە لە شاری تاران بەسترا (المؤمن، 2020: 342). لەسەر پێشنیاری عەلی خامنەیی، کە لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ دۆسیەی عێراق ڕاسپێردرابوو، زانایان و پیاوانی ئایینی نەجەف و کەربەلا لە چوارچێوەی ئەنجومەنێکی گشتگیر کۆکرانەوە و بە چاودێری محەممەد باقر حەکیم (1939-2003)، پەیڕەو و پرۆگرامی ئەنجومەن داڕێژرا، هەڵبژاردنی بۆ کرا و دواتر سەرۆک و وتەبێژی ئەنجومەنەکە دیاریکران (فردا نیوز، 1397). ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی چەترێکی کۆکەرەوەی بەرهەڵستکارە شیعەکانی حکومەتی بەعس بوو، کە لە چەندین بەرە، کەسایەتی و حیزبی شیعی وەک "حزب الدعوة، منظمة العمل الإسلامي، حركة الجماهير المسلمة، جماعة العلماء المجاهدين، حركة المثقفين الرساليين و حركة المجاهدين، كتبة محمد باقر حكيم، تيار الخالصي و المستقلون" پێك هاتبوو. ا(المؤمن، 2020: 343؛ الساري، (2018)، ئەنجومەن هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، ئاراستە فیکری، سیاسی و کردارییەکانی لە ئایەتوڵڵا خومەینی وەردەگرت و بەردەوامیی جیهاد و دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی بۆ سەر هاونیشتمانیانی عێراق بە ڕابەڕایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی ئێران، یەکێك لە ئامانج و بنەڕەتەکانی ئەنجومەن بوو (المؤمن، 2020: 342-344).

جگە لەمەش، لقێکی تایبەت بە هەناردەکردنی شۆڕش لە نێو سوپای پاسداری شۆڕشی ئیسلامی بە ناوی یەکەی بزاڤە ئازادیخوازەکانی سوپای پاسداران (واحد نهضت های آزادیبخش سپاه پاسداران) پێك هێنرا. ئەگەرچی لە یەکەمین پەیڕەوی تایبەت بە سوپای پاسداران لە ساڵی 1983، ئاماژەیەکی دیاریکراو بە ڕۆڵی ئەم دامەزراوەیە لە هەناردەکردنی شۆڕشدا نەکرابوو، جگە لەوەی لە مادەی یەکەمدا باس لەوە کراوە ئامانجی ئەم هێزە پارێزگاریی لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و دەستکەوتەکانێتی (اساسنامه سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، 1361: 1). بەڵام ڕاگەیاندنی ئەم یەکەیە ئاماژەیەك بوو بۆ بەشداری سوپا لە ڕۆڵێکی دەرەوەی سنوورەکانی ئێران. یەکەی بزاڤە ئازادیخوازەکان لە ڕاگەیەندراوی تایبەت بە ناساندنی خۆیان، پێکهێنانی خۆی بۆ ڕێنوێنییەکانی ڕابەری شۆڕش سەبارەت بە بەهێزکردنی "گەلە بێبەشکراوە ڕاپەڕیوەکانی جیهان" و دروستکردنی پەیوەندی برایانە لەگەڵ ئەو بزاڤانەی کە خەبات دەکەن بۆ ڕزگارکردنی گەلانی بێبەشکراو لە بەندی ئەمپریالیزمی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و زایۆنیزم، کە ئەمەش لەسەر بنەمای ستراتیژی شۆڕشی ئیسلامی بووە. (تریبون زمانه، 2024). یەکێك لە هەوڵەکانی یەکەی ئازادیخوازان پەیوەندی لەگەڵ سەرکردە و ئەندامی بزاڤە بەرهەڵستکارەکانی دژ بە ئیسرائیل و ئەمریکا و بەگشتی ئەو وڵاتانەی لە پێناسەی شۆڕشگێران بە ستەمکار ناسراو بوون، بوو؛ بەپێی بیرەوەرییەکانی سەعید حەجاریان، ئەندامی ئەو کاتەی دەزگای ئیتلاعات، یەکێك لەو هەوڵانە، هێنانی حەسەن نەسروڵا، جێگری سەرۆکی حیزبوڵڵا لەو کاتەدا، بۆ تاران بوو، بەبێ ئەوەی پاسپۆرت و ڤیزایان هەبووبێت (حجاریان، 1391: 41). جگە لەمە سوپای پاسداران ئەرکێکی جیاوازتریشی گرتە ئەستۆ، کە بریتی بوو لە دامەزراندنی "فەیلەق بەدر" وەك باڵی سەربازی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی کە ئەندامەکانی لە دیلە عێراقییە شیعەکانی جەنگ ناسراو بە "الاحرار" و بەرهەڵستکارانی حکومەتی عێراق ناسراو بە "المجاهدین" پێکدەهات (الجزیرة، 2016؛ نایتس و الاخرون، 2021).

### 2-2 کاردانەوەکانی عێراق بۆ گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش

لە پاڵ پاڵنەرە مێژوویی و سیاسییەکان کە وەک هۆکارەکانی دەستپێکردنی شەڕی ئێران و عێراق باسی لێوە دەکرێت، هەروەها بەرزەفڕییەکانی حکومەتی عێراق و خودی سەددام حوسێن کە هەلومەرجی ئێرانی پاش شۆڕشی بە دەرفەتێك بۆ پەلاماردان دەزانی، بەشێك لە توێژەرانی جەنگی ئێران و عێراق، بە ئاماژەدان بە زەمینەی ئایینی، سیاسی، هەروەها سنووری جوگرافیایی هاوبەش، شوناسی هاوبەشی شیعەکانی هەر دوو وڵات، پەیوەندی ئایەتوڵڵا خومەینی لەگەڵ گەروە زانایانی عێراق و بەرهەڵستکارانی شیعە، خواستی فراوانکردنی دەسەڵات لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە، لە لایەکی ترەوە سیاسەتی حکومەتی عێراق دژ بە شیعەکان، پێیان وایە گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش هۆکارێکی سەرەکی جەنگی هەشت ساڵە و کاردانەوەی توندی ناوخۆیی وەك لە سێدارەنی ئایەتوڵڵا سەدر لە ساڵی 1980- و دەرەکی سەددام حوسێن بووە (هیرو، 1390: 55-57؛ اسپوزیتو، 1382: 96-97؛ داناوان، 1396: 148-149).

بە گەڕانەوە بۆ بەشێك لە وتارەکانی سەددام حوسێن، بە ڕوونی هەست بەوە دەکرێت کە بابەتی هەنارەکردنی شۆڕش بووەتە مەترسییەك لەسەر عێراق و پرەنسیپە ئایدیۆلۆجی و دەسەڵاتخوازییەکەی حیزبی بەعس، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم مەترسییە خێرایە لە نێو ئامانجە هەمیشەییەکانی سەددام حوسێندا وەك پاساوێك بۆ بەدیهێنانی پاوانخوازییەکان و دەرفەتێك بۆ هێنانە کایەی ئاڵنگارییەك کە هەڵەی ڕێککەوتنی جەزائیری پێ ڕاست بکاتەوە، لەم بارەدا هەوڵیدەدا شەرعییەت بە قووڵکردنەوەی ئەو ڕکابەرییە نوێیە بدات. هەر بۆیە بەعسییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی ئێران لە چوارچێوەی کایە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیدا لەگەڵ گۆڕانی نیزام یان حکومەتدا ناگۆڕێت، هەربۆیە سەددام حوسێن جەختی لەوەدەکردەوە کە سەرەڕای ڕووخانی دەسەڵاتی پەهلەوی و دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی، هێشتا ڕاستییە جیۆپۆلەتیکییەکان بە جێگیری ماونەتەوەو بەجۆرێك خومەینی لە ڕێگەی وتارە ئاگرینەکەی و لەگەڵ تێڕوانینە ئایدیۆلۆژییەکانی لە پێناو هەناردەکردنی شۆڕش و بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای سیاسی خۆی، بە هاندان ڕۆحی تائیفی و ئایینی و گونجاندنی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی ئێراندا، بووەتە دیاردەیەکی مەترسیدار لە بەرانبەر مۆدێلە سیاسییە عەرەبییەکان، بەتایبەت عێراق کە مەڵبەندێکی فراوان شیعە بوو، (مجموعة من الباحثين: 2010، 10)، لە ئەنجامدا ئەو هەوڵانەی ئێران بۆ گۆڕینی ڕژێم و واقیعی ناوچەکە، لە ڕێگەی هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دراوسێی عەرەبییەکانی لە لایەن سەددام حوسێنەوە لێکدرایەوە، بە ئاشکرا ئەوەی خستبووەڕوو، کە ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئێران بە هاندانی ململانێی تائیفی و قووڵکردنەوەی ململانێی مەزهەبیی بەرانبەر ڕژێمەکانی وڵاتانی دەوروبەر و کار بۆ ڕووخاندنیان دەکات، (مرکز الحوار السوري: 2021)، بەم پێیە لە دیدی بەعسدا ناوچە عەرەبییەکان لە پێشەنگی ئامانجەکانی هێزی نەرمی ئێراندایە بۆ هەناردەکردنی شۆڕشەکەی، بە تایبەت عێراق، کە لە کۆنەوە جێگەی سەرنجی ئێران بووە، چونکە بەربەستی سەرەکی بەردەم فراوانبوونی پێگەکەی بوو لە ناوچەکانی کەنداودا (المركز الديمقراطي العربي، 2017: 44).

لە بەرانبەر ناوەڕۆکی هەناردەکردنی شۆڕشدا، سەددام حوسێن لەو باوەڕەدابوو کە ئێران ڕێز لە تایبەتمەندی بەها باڵاکانی عەرەب ناگرێت و خواستی دەستدرێژیی بۆسەر شوناسی گشتی عەرەب هەیە، هەربۆیە لە چاوپێکەوتنێکیدا مەرجەکانی عێراق بۆ دانان بە هاوسێیەتی ڕاستەقینەی لەگەڵ ئێران وەها لێکدایەوە، کە ئەو مەرجانە بەندن بە ڕێزگرتنی ئێران لە کەرامەتی نەتەوەیی عەرەب و پاراستن و گرێنتی سەربەخۆیی، زیاتر لەوە لە تێڕوانینی هەناردەکردنی شۆڕشی بەعسەوە، سەددام حوسێن خواستی ناڕاستەوخۆی ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ ڕێبەرانی شۆڕشدا نەشاردەوە، بە تایبەت کاتێك ڕاشکاوانە دەڵێت: "دەکرێت ئێران، بە هەر شێوەیەك بێت، یارمەتی نەتەوەی عەرەب بدەن، بەڵام هیچ نەتەوەیەك (ئامانجی هەناردەکردنی شۆڕش) بۆ ئەو مەبەستە لە ئارادا نییە، تا بتوانێت نەتەوەی عەرەب ڕزگار بکات... کاتێك هەندێك لە ڕۆڵەکانی ڕێگەیان لێ ون بێت، تەنها نەتەوەی عەرەب خۆی و تەنها ڕۆڵەکانی خۆی و بە گیانی مەبدەئییەکانی نەتەوە و بەها و مێژووی ئەم نەتەوەیە نەبێت ڕزگار نابێت"، (صەدام حسین: ب.س، 25-26)، لێرەدا سەددام حوسێن پێی وابوو، ڕێبەرانی شۆڕشی ئێران لە ژێر پەردەوە پەیامی هەناردەکردنی شۆڕشیان هەیە و ئامانجیان دەستدرێژییە، هەر بۆیە گوتوویەتی: "بەردەوام مێژوویی نەتەوەیی عەرەب هەر وابووە، هەندێك لە ئێرانییەکان ویستوویانە لە پشت پەردەدا ئەو ڕۆڵە بگێڕن، چونکە ئەو جۆرە پەیوەندییە هەڵەیەی نێوان ئەوان و نەتەوەی عەرەب، خۆی لە خۆیدا پەردەیەکە بۆ شەرفرۆشتن و دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی". (صەدام حسین: ب.س، 26).

زیاتر لەوە، دەرکەوتنی پەیامی توندئاژۆیی خومەینی دژ بە ئیمپریالیزم و پچڕاندنی یەکجاریی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا، کەشێکی وەهای بۆ بەعسییەکان ڕەخساند، کە دەبوو لە گوتارو کرداردا پەیامی هەناردەکراوی شۆڕشەکەیان بە ئاراستەی پەردەلادان لەسەر پەیوەندی سیستمی نوێی ئێران بە جیهانی دەرەوە هەڵبێنن، لەم چوارچێوەیدا پەیامی دژە زایۆنی بە پاساوی پاراستنی یەکێتی عەرەب دژ بە دەوڵەتی ئیسرائیل وەك دوژمنێکی هەمیشەیی و نەبڕاوە خواستێکی ئاینیی دژە ئێرانیی بۆ دەهێنایە دی و هەمان کات نەتەوەی عەرەبی لە پشتیوانی خۆی کۆدەکردەوە، لە لایەکی

ترەوە، ئەو هیوایەیان تیادا ڕسکابوو، کە دەشێت ببنە بریگرتەی ئێران لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکادا، هەر بۆیە سەددام حوسێن دژ بە ناوەڕۆکی پەیامە هاوردەکراوە مەزهەبییەکەی شۆڕش لە ئێران، دژایەتییە ئیمپریالیی و زایۆنییەکەی دەهێنایە پێش و ڕژێمی ئێرانی بە هاوکارو دۆستی ئیسرائیل تاوانباردەکرد، تەنانەت پێکدادان و گرێمانەی چاوەڕوانکراوی شەڕی بەردەوامیان بە هاوکاری چەکدارییانەی زایۆنی و بوونی پەیوەندییەکی گوماناوی وەك ئامرازێکی دەستی ئیمپریالیزم دەدی و ڕاشکاوانە ئایەتوڵڵا خومەینی بە ڕەگەزێکی شەڕخواز و هەڕەشەکار لەسەر ئاسایشی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناودەبرد، سەددام حوسێن لە زنجرە گوتارێکدا ئاماژەی بەوەکردبوو، کە جیاوازی شۆڕشی عێراق لەگەڵ باوەڕی هەناردەکردنی شۆڕش لە ئێران و شەڕی درێژخایەنی نێوانیان لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبونەوە و ڕکابەرییە لە نێوان هێزی (چاوچنۆکان) و هێزی (پارێزەران)دایە، پێیوابوو لە نێو ئەو هاوکێشەیەدا شۆڕشی بەعس ئەرکی ئەوەیە وڵات لە چاوچنۆکان بپارێزێت و کار بۆ قووڵکردنەوەی حاڵەتی گەشەکردن و بونیادنانی ئابووری و پەرەپێدان بە پێشکەوتنی دەروونی و مەعنەوی بدات، هەر بۆیە پێیوابوو جەنگ بە تەنها لە نێوان دوو سوپا نەبووە، بەڵکو لە نێوان دوو ئیرادەدا بووە، یەکیان (عێراق) مەبەستی هەمیشەیی ئاشتیی بووە، ئەوەی تریان (ئێران) ڕووی لە هێرش و چاوچنۆکییە، هەروەها پاساویش بۆ بوونی چەشنە پەیوەندییەکی نێوان ئێران و ئیسرائیلی بۆ حاڵەتی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی ئەرجەنتین لە خاکی ڕووسیا لە 18ی تەمووزی 1980 دەهێنایەوە، کاتێك چەك و تەقەمەنی لە ئیسرائیلەوە بۆ هاوکاری دەگەیاندە ئێران. (زنجیرە کتێبی جەنگاوەر (41) (1988)، وەزراەتی بەرگری، دایەرەی ئاڕاستەکردنی سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی دەزگای عەرەبی، بەغداد). زیاتر لەوە وەك وەڵامێك دژ بە گوتارە ئاینییەکەی خومەینی، سەددام حوسێن لە 22ی ئەیلوولی 1980 بە ناوی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ئۆپراسیۆنێکی جەنگی بەناوی (قادسیەی سەددام) بە ناوەڕۆکێکی مەزهەبیی دژ بە شەرانگێزو پیلانگێڕانی ڕێبەرایەتی شۆڕشی ئێران ڕاگەیاند. (نص بيانيات القيادة العامة للقوات المسلحة لمعركة قادسية صدام: 1980، 4).

وەك پشتڕاستکردنەوەیەك بۆ ئەو بۆچوونەوەی کە هەناردەکردنی شۆرش تاکو چ ڕادەیەك ڕۆڵی لە هەڵگیرساندنی جەنگی هەشت ساڵە هەبووە، بەشێک لە بەرپرسانی ئێرانی سەرەتای شۆڕش، لە بیرەوەرییەکانیاندا دانیان بەوە ناوە، سەرەڕای ئەوەی شەڕەکە ئامانجێکی داگیرکەرانە و هێرشبەرانەی حکومەتی عێراق و سەددام حوسێن بووە و لە بەرانبەردا ئێران شەڕی مانەوە و بەرگری لە خۆی کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا، بابەتەکانی وەک هاندانی شیعەکانی عێراق و هەناردەکردنی شۆڕش، ڕۆڵی نەرێنی لە هاندانی عێراق بە پەلاماردانی ئێران و درێژەکێشانی جەنگەکە هەبووە. ئایەتوڵڵا حوسێن عەلی مونتەزەری، هاوەڵی نزیکی ئایەتوڵڵا خومەینی و لە متمانەپێکراوەکانی ساڵانی سەرەتای شۆڕش، لە بیرەوەرییەکانیدا باس لەوە دەکات لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، شۆڕشگێران دووچاری "لەخۆبایبوون" بوون کە هیچ بایەخێکیان بە وڵات نەدەدا و لە سیاسەتی دەرەکی دروشمی هەناردەکردنی شۆڕش سەرهەڵدەدا، ئەمە وای کرد وڵاتانی دراوسێ "هەراسان" بن و دژی ئێران بانگەشە دەست پێ بکەن و عێراقیش بەدوای بیانوودا دەگەڕا. مونتەزەری باس لەوە دەکات کە نیگەرانییەکانی خۆی سەبارەت بە وروژاندنی ولاتانی دراوسێ و عێڕاق گەیاندۆتە ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و داوای لێکردووە کە لیژنەکانی نیازپاکی بۆ ئەم وڵاتانە بنێرێت، بەڵام وەڵامی خومەینی ئەوە بووە، کە "وازیان لێ بێنن ئێمە ئیشمان بەو دەوڵەتانە نییە... ئێمە دەمانەوێت بە دەوری وڵاتەکەمان دیوار ڕابکێشین..." (منتظری، 1/1379: 565-567). مونتەزری لە لە چاوپێکەوتنێکی تردا لەگەڵ پەیامنێری "بی بی سی" لە ساڵی 2006، جارێکی تر دان بەوەدا دەنێت کە بانگەشەکانی وەک هەناردەکردنی شۆڕش، هۆکارێکی هەڵگیرساندنی جەنگی هەشت ساڵە بووە و دروشمە توندەکانیان بووە هۆی ترسی وڵاتانی دراوسێ، هەر بۆیە داوای ناردنی شاندی نیازپاکی کردووە بۆ وڵاتانی دەوروبەر بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیەنێت کە پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاسایی دەبێت لەگەڵیان (بی بی سی فارسی، 2014).

سەید مەحمود دوعایی (1941-2022)، باڵیۆزی ئێران لە عێڕاق تاوەکو پێش هەڵگیرساندنی جەنگی هەشت ساڵە، لە بیرەوەرییەکانیدا بە ئاماژەدان بە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانی ئێران کە خاوەن گوتارێکی هاوبەش نەبوون، نموونەی ڕادیۆی ئەهواز دەهێنێتەوە کە لە لایەن بەرهەڵستکارانی دەوڵەتی عێڕاق بەڕێوە دەچوو و ئەو بابەتانەی پەخش دەکرد کە ویستی حزب و ڕێکخراوە بەهەڵستکارکانی نێو عێراق بوو (دعایی، ۱۳۸۷: ۱۷۵). دوعایی ئاماژە بەوە دەکات کە ئامۆژگاری ئەنجومەنی شۆڕشی (شورای انقلاب) کردبوو کە پێویستە پەیوەندییەکان لەگەڵ عێڕاق بپارێزێت و پێداچوونەوە بە شێوەکانی پەیوەندیی نێوان دوو وڵات بکرێت، چونکە ئەو شێوازە لە شەڕی ڕاگەیاندنەی کە لە لایەن بەشێك لە ڕاگەیاندنەکانی ئێران ئاراستە دەکرا، "کاریگەریی لە سەر لێکدانەوەی عێڕاق بۆ شۆڕشی ئیسلامی هەبووە" (همان، ۱۷۵). ئیبراهیم یەزدی ئاماژە بەوە دەکات لە کاتێکدا تەوەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەوڵەتی کاتیی سەبارەت بە عێڕاق لە لایەن ئەنجومەنی شۆڕش و ڕابەری شۆڕش قبوڵ کرابوو، بەڵام بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن، بەرانبەر بە دەوڵەتی عێراق "زۆر هێرشبەرانە و دنەدەرانە" بووە، ئەمەش بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و دژ بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی ئێران بوو (یزدی، 5/1400: 127-128). یەزدی پێی وابووە هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران "پێشبینیکراو" بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرا "پێشگیری" لێ بکرێت، بە مەرجێك ئێران دنەی حکومەتی عێراق و سەددامیان نەدایە. ئەمە لە کاتێکدا بووە تەلەفیزیۆنی ئێران ئەوەندە بە توندی دژ بە سەددام کاری دەکرد کە دوعایی لە سەردانێکی بۆ ئێران، لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی شۆڕش (شورای انقلاب) بە بێزارییەوە ڕایدەگەیەنێت: "من ئیتر ناگەڕێمەوە بۆ عێراق، ئەگەر دەتانەوێت بجەنگن ئیتر پێویستتان بە باڵیۆز نییە، ئەم کارانەی ئێوە دەیکەن، بانگهێشتکردنە بۆ جەنگ" (تاریخ آنلاین، 2024).

بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەرچی ویستی حکومەتی عێراق و خودی سەددام حوسێن بۆ هێرشکردنە سەر ئێران ئامادەیی هەبووە، بەڵام حکومەتی شۆڕشگێرانی ئێران جگە لە یەك ساڵی یەکەمی دوای شۆڕش، نەك تەنها هەوڵی خۆدوورخستنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتی عێراق نەدا، بەڵکو زیاتر لەسەر ڕێچکە شۆڕشگێر و ئایدۆلۆژیاییەکەی شۆڕش بەردەوام بوو، بە جۆرێك کە بیانووی پێویستی بە حکومەتی عێراق بەخشی. مەهدی بازرگان ڕاشکاوانە لە شرۆڤەیەکدا پێی وابووە، جەنگی هەشت ساڵە "هەم بەرهەمی شۆڕش، هەم ناسێنەری شۆڕش و هەم جووڵێنەری بووە" و بە واتایەکی تر، ئەو جەنگەکە بە "بەرهەمی شۆڕش" دەزانێت، دەرهاوێشتەی ئاراستەی دووەمی شۆڕش بووە، کە تیایدا ئامانجەکانی شۆڕش کەوتە ژێر کاریگەری گوتارەکانی وەك "هەناردەکردنی شۆڕش"، دژایەتی ئیستکبار و کافرەکان (بازرگان، 1363: 59-60). لەم دۆخەدا، وشەی "ئاشتی" واتایەکی باشی لە ئەدەبیاتی جەنگی ساڵانی جەنگی هەشت ساڵە نەبوو، بگرە بە سازش و تەنانەت خیانەت دەخوێندرایەوە، هەر بۆیە پێشنیاری ئاشتی و کۆتاییهێنان لە لایەن وڵاتانی دیکە بە نیشانەی هێزی ئێران و ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیارە لە لایەن ئێرانەوە بە باڵادەستی شۆڕشگێڕانە لێکدەدرایەوە (شیرعلی نیا، 197).

### 3-2 لێکەوتەکانی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش لە جەنگی هەشت ساڵەدا

هەڵوێستی وڵاتانی کەنداو، وڵاتە زلهێز و ئەوروپییەکان لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵە، ئەگەرچی بەتەواوەتی بە قازانجی عێراق نەشکایەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی خستە پەراوێزە؛ لە پاڵ گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش، گوتارە ئایۆلۆژییەکانی دیکە وەك دروشمی نە ڕۆژهەڵات نە ڕۆژئاوا (نه شرق نه غربی)، پشتیوانی لە بزوتنە ڕزگاریخوازەکان، هەوڵدان بۆ گۆڕینی نیزامی جیهانی و دژایەتیکردنی ئەوەی کە ئێران بە "ئیستکباری جیهانی" ناوی دەبرد، هەموویان بوونە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی ڕژێمە تازە پێگرتووەکەی شۆڕش لەگەڵ زۆرێك لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی جیهان و ناوچەکە تێك بچێت و ئێران لە ئاستی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بەبێ پشتیوانێکی جیددی بمێنێتەوە (سرمدی و ازغندی، 1395: 5).

پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا لە ماوەی جەنگدا ئاسایی نەبوو؛ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت بە هۆی پرسی ئەفغانستان و پشتیوانیی ئێران لە بەرهەڵستکارانی ئیسلامی دژ بە حکومەتی کۆمۆنیستی، نیگەرانی یەکێتی سۆڤێتی لێ کەوتەوە، بە جۆرێك لە سێ ساڵی یەکەمدا بێ لایەنی هەڵبژارد، بەڵام لە ساڵانی دواتردا زیاتر بەرەو لایەنگریی و تەنانەت پشتیوانی عێراق چووە پێشەوە (درویشی سه تلانی و رحمتی، 1395: 44-52). سەبارەت بە ئەمریکا ئەگەرچی قەیرانی بارمتەکانی سەفارەتی ئەمریکا لە ئێران، پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتی پچڕاندبوو، بەڵام بە ئازادبوونی بارمتەکان و هاتنەسەر دەسەڵاتی ڕوناڵد ڕیگان (1981-1989) و بە هۆی ئامانجەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك ڕێگریکردن لە هەژموونی یەکێتی سۆڤێت، پشتیوانیی ئیسرائیل و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، وای کردبوو حکومەتی ڕیگان لە چوار ساڵی یەکەمدا سیاسەتێکی ناجێگیری هەبێت، بەڵام مەترسی هەژموونی کۆمۆنیزم ڕێگر بوو لەوەی ئەمریکا بە تەواوەتی دژایەتی ئێرانی ئیسلامی بکات (کدی و گازیوروسکی، 1379: 137-138). بە واتایەکی دیکە ململانێ و بەرژەوەندییەکانی یەکێتی سۆڤێت و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرنگی دەوڵەتەکانی ناوچەکە لە کێشمەکێشە ئابووری-سیاسییەکان هۆکارێك بوو کە هەر وڵاتێك بەپێی جیوپولەتیکە تایبەتەکەیەوە، گرنگی و قورسایی لە هاوکێشەی ململانێیەکاندا هەبێت. سەبارەت بە وڵاتانی ئەوروپی، فەرەنسا وەك لایەنگری عێراق، پشتیوانی چەك و تەقەمەنی دەکرد، ئەڵمانیا چەکی کیمیاویی بۆ عێراق هەناردە کرد و وڵاتانی تری وەك بەریتانیا و ئیتالیا تا ڕادەیەك بێ لایەنیان پێشان دا (آقایی، 1385: 17-18). بەم شێوەیە، ئێران نەیتوانی لایەنگری و پشتیوانییەکی مسۆگەری وڵاتانی ئەورووپی بەدەست بهێنێت.

سەبارەت بە وڵاتانی هەرێمی و بەتایبەتی کەنداو دۆخەکە جیاواز بوو؛ هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە، بەشێك لە وڵاتانی ئیسلامی بە نیگەرانییەوە چاودێری گۆڕانکارییەکانی ئێرانیان دەکرد و سەرنجڕاکێشی گوتار و مۆدێلی شۆڕشگێڕانەی ئێران هەراسانیانی کردبوون. لە نێویاندا ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو هەر لە سەرەتاوە بەگومان بوو لە ئاست هەناردەکردنی شۆڕش، بەتایبەتی گوتاری ئیسلامییانەی شۆڕش و ترسیان لە بڵاوبوونەوەی تیرۆر و توندوتیژیی هەمان کات ئەو گوتارە میدیاییەی دژ بە ئیمپریالیزم پێی دەدوان، ئەگەرچی جۆرێك دڵنیاییان هەبوو، کە هەلومەرجی نێودەوڵەتی بە سانایی ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی گوتاری شۆڕش نادات، هاوکات دڵنیایی ئەوتۆیان دەربارەی سەرەڕۆیی سەددام حوسێن نەبوو، زیاتر لەوەش دەیانزانی کە ئێران لە دۆخێکی ناجێگیریی ئابووریدا بوو، هەر بۆیە جۆرێك لە هاوسەنگییان لە مامەڵەی نێوان ئێران و عێراقدا پاراستبوو (عطیة، 2024: 289-290)، هەربۆیە سیاسەتی وڵاتانی کەنداو بەگشتی بەرانبەر بە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران لەسەر بنەمای ترس و هاوسەنگی و نیگەرانییە ئەمنییەکاندا بوو، بەم پێیە هەڵوێستی وڵاتانی کەنداو بەرانبەر بە گوتاری هەناردەکردنی شۆڕشی ئێران هەر لە سەرەتاوە ترسی بوو لە بڵاوبوونەوەی گوتاری شۆڕشگێڕیی و نیگەرانیی مەزهەبیی و تائیفی دژ بە سیستمی پاشایەتی لە کەنداو بە تایبەت سعودیە، کە نیگەران بوون لەوەی گوتاری شۆڕشگێڕانەی ئێران، پەیامێکی ئیلهامبەخش بێت بۆ تێکدانی سەقامگیریی ناوچەکە و هاندان و سازانی ڕاپەڕین لەو وڵاتانەی دانیشتوانی زۆری شیعەیان تێدایە، بەتایبەتی بەحرێن کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی شیعە مەزهەب بوو، لە لایەکی ترەوە سعودییەکان خۆیان وەک سەرکردەی مەزهەبی سوننە لەنێو جیهانی موسڵمانانندا تەماشا دەکرد، هاوکات بیروباوەڕی تیۆکراتی ئاینیی و سەرکردایەتیی شیعەی ئێرانیان وەک ئاڵنگارییەکی ڕاستەوخۆ دەزانی، چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامیدا، بەم پێیە گوتاری هەناردەکردنی شۆڕشی ئێران بەشداریی ڕاستەوخۆی لە ئاڕاستەکردنی ئاسایشی کەنداو کرد، هەر بۆیە وڵاتانی کەنداو هەوڵیان دا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا بەهێزتر بکەن بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسییە هەستپێکراوەی ئێران، تاکو ئەو ڕادەیەی زەمینە بۆ پێکهێنانی چوارچێوەیەکی ئەمنی وەک ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو (GCC) لە ساڵی ١٩٨١ بێتەکایەوە، کە لەبەرانبەر گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش هەوڵیدا ئاسایشی بەکۆمەڵ لە ناوچەکەدا بەرەوپێش بات. (Nonneman, 2004: 167-168.).

زیاتر لەوە وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی سعودیە و کوەیت لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەدا پاڵپشتی سیاسی و دارایی و سەربازیان پێشکەش بە عێراق کرد، ئەگەرچی لە ئاست سەرەڕۆییەکانی خودی سەددام حوسێن نیگەران بوون، بەڵام بەهۆی مەترسی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش هیوایان وابوو دەتوانن بە پاڵپشتی عێراق خواستە فراوانخوازییەکانی ئێران جڵەو بکەن و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی بیروڕا ڕادیکاڵی و شۆڕشگێڕییەکانی خومەینی بکەن، بەتایبەت کە وڵاتانی کەنداو ترسیان لەوە هەبوو، لە ئەگەری سەرکەوتنی ئێران لە شەڕی هەشت ساڵەدا ڕێبەرایەتی ڕاپەڕین شیعەکانی بن دەستیان بکات و سیستمی پاشایەتی ناوچەکە تێکبدات، لەسەر ئەم بنەمایانە وڵاتانی کەنداو کاردانەوە دیپلۆماتی و ئابوورییەکانیان بەرانبەر گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش لە ئێران بە وریایی و چاودێریی ئەمریکا دەچووە پێش، ئەگەرچی ئەو هەڵوێستە نەرێنییانە بە تێپەڕبوونی کات و لە ژێر کاریگەریی ترس لە ستراتیجی عێراق و مەترسیان بۆسەر ئاسایشی کەنداو گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بەشێک لە وڵاتانی کەنداو، وەک عومان، هەوڵیان دا پەیوەندیی پراگماتیک لەگەڵ ئێران بپارێزن و بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانیان لەگەڵ نیگەرانییەکانی ئەمنیەتی ناوچەکە هاوسەنگ بکەن، هەر بۆیە لە بواری ئابووریدا بەردەوامیان بە فراوانکردنی ئەو پەیوەندییە دەدا.

جیا لەوە، پیرۆزبایی بەشێك ڕابەرانی ئیسلامی لە سودان و مالیزیا و فیلیپین، جووڵەی شیعەکانی وڵاتانی کەنداو و بەرزکردنەوە دەنگی ناڕەزایەتیان، ڕووداوەکانی وەك ڕاپەڕینی شیعەکانی عێراق لە شارەکانی کەربەلا و نەجەف و کوفە لە مانگی حوزەیرانی 1979، تەقینەوەکانی مانگی تشرینی دووەمی 1979 لە عەرەبستان و ڕاپەڕینی شیعەکانی شاری ئەحسا، ڕاپەڕین و یاخیبوونەکانی شیعەکانی کوەیت و بەحرێن و ...، لەو ڕووداوانە بوون کە هانی وڵاتانی کەنداوی دا، پشتگیری سەددام حوسێن بۆ سەرکوتکردنی حکومەتێکی شۆڕشگێری شیعیی بن (اسپوزیتو، 1382: 49-52). لەگەڵ ئەوەشدا سوریا و لیبیا لە ماوەی ئەم شەڕەدا تەنها وڵاتانی عەرەبی بوون لە بەرەی دژ بە ئێران نەوەستان و سەرەڕای کشانەوەی لیبیا لە ساڵی ١٩٨٦ لە پشتیوانی ئێران، دەوڵەتی سوریا کە لە لایەن سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعس بەڕێوەدەبرا،

بەهۆی ناکۆکییە سیاسیی و ئایدۆلۆژییەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێمایەتی حیزبی بەعس لە عێراق وەك حیزبی دەسەڵاتدار، تاوەکو کۆتایی جەنگەکە لە پشتگیری و یارمەتیدانی ئێران بەردەوام بوو (سبتي الحديثي، 2019: 199؛ مجموعة من الباحثين، 2012: ١٥٢؛ پارسادوست، ١٣٨٦: ٢٦٤-٢٦٥). بە شێوەیەکی گشتی، وەك بازرگان ئاماژەی پێ داوە، دۆخی نێودەوڵەتی ئێران لە پەیوەندیی زلهێزەکان و وڵاتانی ئەورووپا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەندا، بەرهەمی گوتارەکانی شۆڕش بوو کە گۆشەگیری و جیابوونەوەی ئێران لە جیهانی لێ کەوتەوە (بازرگان، 1363: 61).

زیانە چاوەڕواننەکراوەکانی جەنگی هەشت ساڵە و دەرهاویشتەکانی لەسەر سیاسەتی دەرەوە و پێگەی ئێران لە ناوچەکە و کاریگەری لە سەر پەیوەندی ئێران لەگەڵ وڵاتانی کەنداو، بابەتی هەناردەکردنی شۆڕشی خستە ژێر پرسیارێکی گەورەوە. جەنگی ئێران و عێراق کە بە یەکێك لە ماوەدرێترین جەنگەکانی مێژوو دادەنرێت، بنیاتی مادی و ژێرخانی ئێرانی تووشی زیانی گەورە کرد و کاریگەرە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی جەنگ بۆ ساڵانی دواتر درێژەی کێشا.

بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی پاراستنی شوێنەوار و بەهاکانی بەرگری پیرۆز (بنیاد حفظ آثار و ارزش‌های دفاع مقدس) کە لە ساڵی 2015 و لە زاری موجتەبا جەعفەری، جێگری ئەم ڕێکخراوە بڵاو بوویەوە، قوربانییەکانی ئێران بریتی بووە لە: ١٩٠ هەزار کوژرا و ٦٧٢ هەزار کەمئەندام، جگە لە (42) هەزار کەس کە لە ماوەی شەڕەکەدا بە دیل گیران (ایرنا، 1393). بەپێی ئامارێکی تری توێژەرێکی ناوخۆی ئێران، ژمارەی کوژراوانی جەنگ (ئەوانەی لە بەڕێوەبەرایەتی شەهیدی ئێران ناویان تۆمار بووە)، 217 هەزار و 489 کەس بووە، کە لەم ژمارەیە، ڕێژەی 42/3% کوژراوان تەمەنیان لە 16 بۆ 20 ساڵ و ڕێژەی 29/2% تەمەنیان لە نێوان (21 بۆ 25) ساڵ بووە، بە واتایەکی تر، لە هەر سێ کوژراوی ئێرانی، دوو کەسەیان تەمەنیان لە خوار (25) ساڵ بووە (مردم سالاری، 1399). بەپێی ڕاپۆرتی مەیدانی لیژنەیەکی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1991، زیانە مادییەکانی ئێران بە (97) ملیارد دۆلار لێك دراوەتەوە؛ (50) شار و شارۆچکە و (4) هەزار گوند زیانیان بەرکەوتبوو و هەندێکیان بەتەواوی خاپوور بووبوون، 13 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون وێران بووبوون و (190) هەزار یەکەی تریش زیانی گەورەیان بەرکەوتبوو، لە ئەنجامی ئەو دۆخەدا یەك ملیۆن و (250) هەزار کەس ئاوارە بوون. بە شێوەیەکی گشتی لە کۆی (24) پارێزگای ئێران لەو کاتەدا، پێنج پارێزگا لە نێو بەرەی جەنگدا بوون، (11) پارێزگا بەر هێرشی ئاسمانی وموشەك کەوتن و دوو لەسەر سێی خەڵکی ئێران لە نێو جەنگ و ئامانجی هێرشەکانی حکومەتی عێراق بووە (هەمان). لەگەڵ ئەمەشدا لایەنی ئێرانی هەڵسەنگاندنی زیانە مادییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی زۆر بە کەمتر زانیوە کە بە لێکدانەوەی خۆیان زیاتر لە (1000) ملیارد دۆلار بووە (ایرنا، 1393).

بە شێوەیەکی گشتی، لە بواری ئابووریدا کەرتەکانی کشتوکاڵ و نەوت، زۆرترین زیانیان بەرکەوت، لەگەڵ ئەمەشدا کەرتەکانی وەك کانگاکان، پیشەسازی، کارەبا، ئاو و غاز، خزمەتگوزارییەکان، بەندەر و کەشتیرانییەکان زیانی گەورەیان بەرکەوت. لە کۆی گشتی زیانەکان، (32.2) بەر بینا و دامەزرازەکان، (32%) ئامێر و کەلوپەلەکان و (36.8%) مەواد و کاڵاکان کەوت. زیانەکان بەپێی خەملاندی بەڕێوەبەرایەتی بەرنامە و بودجە گەیشتە (8.395.569) ملیارد تمەن (دژپسند و رئوفی، 1390: 185). گرنگترین کێشەی حکومەت، دابینکردنی خەرجییەکانی جەنگ بوو و بەو پێیەی کە ئێران وڵاتێکی پشتبەستوو بە ئابووریی نەوتی بوو، لە ئەنجامی دابەزینی داهاتی نەوت لە ساڵی 1985، خەرجییەکانی ئێران لە (38) ملیارد تمەنی سەرەتای جەنگ بە زیادبوونی سێ ئەوەندەییەوە گەیشتە (96) ملیارد لە یەك ساڵی پێش کۆتایی هاتنی جەنگ (متقی و قربانی، 1401: 91). تەرخانکردنی زۆرترین بەشە بودجە بۆ لایەنی سەربازی و بەرگری، بووە هۆی ئەوەی حکومەت توانای گەشەپێدانی کەرتەکانی دیکەی ئابووری نەبێت و هەڵاوسانی ساڵانی سەرەتا و کۆتایی جەنگی هەشت ساڵە دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردبوو، بە جۆرێك کە لە دوایین ساڵی جەنگەکە، ڕێژەی هەڵاوسان گەیشتە بەرزترین ڕادەی خۆی کە (29%) بوو (هەمان، 100). بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەشێکی گەورە لە بینا و کەرەستەی پاڵاوتگە نەوتییەکانی ئێران زیانیان بەرکەوت؛ بۆ نموونە زیانەکانی پاڵاوتگەی ئابادان لە ماوەی هەشت ساڵدا، (700) ملیۆن بەرمیل نەوت بە نرخی (27) ملیارد دۆلار بووە (مردم سالاری، 1399). بەپێی ئامارە ناوخۆییەکانی ئێران، زیانەکانی بە کەشتیرانی نیشتمانی ئێران (شرکت ملی نفتکش ایران) نزیکەی (7.958.723) هەزار ڕیاڵ بووەکە 25.9% زیانەکان بە هۆی کەشتییانەی تووشی لێدان بوو و (74.1%) زیانەکانیش بۆ ئەو کەشتیانە دەگەڕایەوە کە کە بەتەواوی لەنێوچوون (دژپسند و رئوفی، 1390: 201).

### 4-2 دوای جەنگی هەشت ساڵە؛ پێداچوونەوە بە گوتاری شۆڕش

جیا لە دەرئەنجام و کاریگەرەکانی شەڕی هەشت ساڵە لەسەر دۆخی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران، لە ڕوویەکی ترەوە ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی نێودەوڵەتی لە ئارادا بوون و بەتایبەتی کۆتاییهاتنی قۆناغی شەڕی سارد هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ گۆڕینی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان. واقعییەتەکانی جەنگی هەشت ساڵە بوونە هۆی ئەوەی کە تێڕوانینی "ئامانجخوازانە" بەرەبەرە بکەونە پەراوێزەوە و جێگای خۆی بە دیدی "واقیعبینانە" لە سیاسەتی دەرەوە بدات (سرمدی و ازغندی، 1395: 5)، وەك جۆن فۆران وسفی دەکات، بە کۆچی دوایی ئایەتوڵڵا خومەینی لە حوزەیرانی 1989 و جەنگی هەشت ساڵە بە قوربانی و زیانە زۆرەکانی و قەیرانی کوەیت، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی شۆڕشی ئێران هاتەکایەوە، کە تیایدا دابەزینی تای ئایدۆلۆژی، گۆشەگیری سیاسی و کۆتایی هاتنی سەرچاوە مادییەکان، ڕێگەی بۆ لایەنگرانی بازاڕی ئازاد و میحوەری ڕۆژئاوا خۆش کرد (فوران، 1392: 590). لەم قۆناغەدا چیتر کۆتایی بە ڕکابەرییە ئایدۆلۆژییەکان هاتبوو و جیهانی نوێی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، زیاتر لەسەر بنەمای هاوکاریی نێوان دەوڵەتان و وابەستەبوونیان بەیەکتر ڕاوەستابوو. لەم ڕووەوە، لە ناوخۆی ئێرانیشدا ئەو بۆچوونە هاتەکایەوە کە باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، دەتوانرێت یارمەتییەکی گەورە بە بنیاتنانەوەی ئێران بگەیەنێت وەك گەورەترین ئاڵنگاری و بەربەستی بەردەم ڕژێم بوو. لەم سەردەمەدا بە هۆی هەڵوەشانەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران و بەهێزبوونی پۆستی سەرۆك کۆمار، ڕۆڵی سەرۆك کۆمار لە سیاسەتی دەرەوە زیادی کرد و سەردانە بەردەوامەکانی ئایەتوڵڵا هاشمی رەفسەنجانی (1989-1997) بۆ وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، وای کرد کە ئەم قۆناغە بە یەکێك لە چالاکترین قۆناغەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دابنرێت (قاسمی، 2016: 210).

ئێران لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی هەشت ساڵە، پێداچوونەوەی بە سیاسەتی دەرەوەی خۆی کرد؛ لە یەکەمین هەنگاوی کرداریدا و لە یەکەمین پرسی سەرەکیی هەرێمیدا کە پەیوەندی بە هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت و جەنگی دووەمی کەنداو (1990-1991) بوو، هەوڵیدا لە لایەك بێلایەنی خۆی و لایەکی تر سەرنجی وڵاتی کەنداو ڕابکێشێت. هاشمی ڕەفسەنجانی ئاماژەی بەوە دەکات، ئەگەرچی بەشێك لە هێزە توندهاژووەکانی ناوخۆ لایەنگری بەشداریی ئێران لە جەنگەکە بە قازانجی عێراق بوون، بەڵام دواجار سیاسەتی بێ لایەنی، بڕیاری کۆتایی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو (هاشمی رفسنجانی، 1392: 14). بە واتایەکی تر، بێ لایەنیی ئێران لە جەنگی دووەمی

کەنداو و ئیدانەکردنی هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت، یەکەمین ئاماژەی ڕوونی گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوە و پێداچوونەوە بە دروشمی هەناردەکردنی شۆڕش بوو (سمیر و دیگران، 1399: 55). موحسن ڕەزایی، فەرماندەی سوپای پاسداران لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵە، لە بیرەوەرییەکانیدا سەبارەت بە میحوەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی دەگێڕێتەوە: "لە سیاسەتی دەرەوەی هەناردەکردنی شۆڕش ڕاگیرا و سازکردنی پەیوەندی لەگەڵ عەرەبستانی سعودی و باشکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، وەك دوو ڕێچکەی سەرەکی هەڵبژارد" (تاریخ ایرانی، 1390). هەر بۆیە حکومەتی هاشمی ڕەفسەنجانی تاکو ڕادەیەك پشتی لە گوتاری هەناردەکردنی شۆڕشی وەرگێڕا و دڵنیاییدا لە دەستوەرنەدانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ترو پاراستنی ئاشتی و سەقامیگریی کەنداو، لەم ڕێگەیەشەوە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو و بە تایبەت سعودیە بردە قۆناغێکی سەقامگیر و تا ئەندازەیەك متمانە پێکراو هەر ئەوەش هۆکار بوو بۆ دامەزراندنی پشتیوانییەك لەگەڵ وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو دژ بە حکومەتی عێراق لە شەڕی کەنداو و پتەوکردنی پەیوەندییەکی دامەزراو لە ڕووی ئابووری و دۆسیەی نەوت و کەناڵەکانی هەناردەکردنی (عطیة، 2024: 291).

هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ لادانی گرژییەکان و نزیکبوونەوە لە وڵاتانی کەنداو، لە سەردەمی کابینەی هاشمی ڕەفسەنجانی بووە بنەمایەکی سەرەکی سیاسەتی دەرەوە و بابەتی هەناردەکردنی شۆڕش لە سیاسەتی دەرەوە بەو شێوەیەی کە لە سەرەتای شۆڕش کاری بۆ دەکرا، خرایە پەراوێزەوە و هەوڵدرا وێنەیەکی جیاواز لە ئێران پیشانی دەرەوە بدرێت. گوتاری "ئابووری میحوەر" بووە بنەمای حکومەتی ناسراو بە "بنیاتنانەوە" و بەرنامەی بووژانەوە و پێشخستنی ئابووریی داتەپیوی ئێران لە ئەنجامی جەنگی هەشت ساڵە، سیاسەتی کرانەوەی دەرەکی لە ڕێگەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا و گەڕانەوە بۆ ناو دامەزراوە جیهانییەکان، چووە نێو بەرنامەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران (موسوی، ١٣٨٧: ٨٩).

## دەرئەنجام

شۆڕشی 1979ی ئێران هاوشێوەی شۆڕشە کاریگەر و گەورەکانی سەدەی بیستەم، هەڵگری ناوەڕۆکێکی جیهانی و خەونی هەناردەکردنی شۆڕشەکەی بۆ وڵاتانی هەرێمی و تەنانەت نێودەوڵەتی بوو. ئایەتوڵڵا خومەینی وەك سەرەکیترین کەسی شۆڕش لە داڕشتن و ئاراستەکردنی گوتارەکانی شۆڕش، بە سوودوەرگرتن لە گوتارێکی ئیسلامی-شیعی و دووانەی موستەزعەفین و موستەکبەرین، لە هەوڵی هاندان و جوڵاندنی سەرجەم ئەو گەلانە بوو کە لە دیدی ئەودا دەچوونە چوارچێوەی گەلانی بەشخوراو و ستەملێکراو لە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی وڵاتانی ستەمکاری بیانی و دەست و پێوەندەکانیان لە وڵاتانی هەرێمیدا. گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش زیاتر لە هەر شوێنێك، وڵاتی عێراق و دەسەڵاتدارانی بەعسی بە ئامانج گرتبوو، بەتایبەتی کە زەمینە مێژوویی، سیاسی، ئایینی و کولتوورییەکانی ئامادە بوو، هەروەها پێناسە و ئاماژەکانی شۆڕش بۆ وڵاتانی ملکەچی زلهێزەکان دەیگرتەوە، جیا لەوەی کە بوونی زۆرینەی شیعە کە بە ڕای شۆڕشگێڕان نموونەی دیاری موستەزعەفین و چەوساوەکان بوون، هاندەرێکی سەرەکی بۆ جووڵاندنی هەستی ئایینی و نیشتمانیی شیعەکانی هەر دوو وڵات بوو. ئەمە لە کاتێکدا بووە کە لایەنی بەرانبەریش زەمینە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی وڵامدانەوەی ئەم گوتارەی بۆ ڕەخسا بوو، بە جۆرێك کە گوتاری توووند و ڕاشکاوانەکانی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، بیانوو و شەرعییەتی پێویستی بۆ عێراق و هەڵگیرساندنی شەڕ خۆش کرد. ئەگەرچی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕش لە ساڵانی جەنگی هەشت ساڵە بەردەوامی هەبوو، بەڵام دەرهاویشتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی جەنگ، لە لایەکەوە بووە هۆی لەنێوبردنی بەشێك لە سەرخان و ژێرخانی ئابووریی ئێران، وێڕای زیانە مادی و مەعنەوییەکانی تر، لە لایەکی دیکەشەوە گۆشەگیریی ئێرانی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، بە جۆرێك کە بە کۆتاییهاتنی جەنگ و هاتنە سەر دەسەڵاتی کابینەی نوێ حکومەت، گوتاری پێداچوونەوە بە سیاسەتی دەرەکی و کرانەوە بە ڕووی وڵاتانی هەرێمی جێگەی گوتاری هەناردەکردنی شۆڕشی گرتەوە. بەم شێوەیە گوتاری ئایدۆلۆژیانەی شۆڕش کە ئاراستەیەکی سەروسنووری هەبوو، کەوتە پەراوێزەوە و کرانەوە لە سیاسەتی دەرەوە و بنیاتنانەوە لە ناوخۆدا جێی گرتەوە.

## سەرچاوەکان

القرآن الکریم

### کتێب و دانراوەکان

ازغندی، علیرضا (١٣٩٢)، روابط خارجی ایران ١٣٠٠-١٣٥٧، تهران: قومس.

اسپوزیتو، جان ال (1382)، انقلاب ایران و بازتاب جهانی آن، ترجمه: محسن مدیر شانه‌چی، تهران: مرکز بازشناسی اسلام و ایران.

اطلس جنگ ایران و عراق: فشرده نبردهای زمینی 31 شهریور 1359-29 مرداد 1367، تهران: سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، مرکز اسناد و تحقیقات انقلاب اسلامی، 1387.

آیین انقلاب اسلامی: گزیده‌ای از اندیشه و آراء امام خمینی (١٣٨٧)، دفتر نهم، جلد دوم، تهران: تنظیم و نشر آثار امام خمینی.

آشوری، داریوش (1378)، دانشنامه سیاسی، چاپ پنجم، تهران: انتشارات مروارید.

بازرگان، مهدی (1363)، انقلاب ایران در دو حرکت، چاپ چهارم، تهران.

پارسادوست، منوچهر (١٣٨٦)، ما و عراق از گذشته دور تا امروز(تجاوز عراق، پیامدها، پایان جنگ و رویدادهای پس از آن)، تهران: شرکت سهامی انتشار.

توآل، فرانسوا (1376)، ژئوپلیتیک شیعه، ترجمه کتایون باصر، تهران: خاوران.

حزب البعث العربي الاشتراكي القيادة القومية (1985)، مكتب الثقافة و الاعلام، دار الحرية للطباعة، بغداد.

حزب البعث العربي الاشتراكي القيادة القومية، بعض المنطلقات النظرية التى أقرها المؤتمر القومى السادس فى تشرين الاول ١٩٦٣، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٢.

خمینی، روح الله (1385)، صحیفه امام، تهران: مؤسسه تنظیم و نشر آثار امام خمینی (س).

خمینی، روح الله (١٣٩٢)، دفاع مقدس(جنگ تحمیلی) در اندیشه امام خمینی، تهران: موسسه تنظیم و نشر آثار امام خمینی(ره).

خمینی، روح الله (1394)، استکبار جهانی و شیطان بزرگ از دیدگاه امام خمینی، تهران: موسسه تنظیم و نشر آثار امام خمینی(ره)، 1394.

خوجم لی، عبدالوهاب (1392)، "تبیین موقعیت ژئوپلتیک ایران"، فصلنامه نگین ایران، سال دوازدهم، شماره٤٤، صص ٧٦-٧٧؛

دژپسند، فرهاد و رئوفی، حمیدرضا (1390)، اقتصاد ایران در دوران جنگ تحمیلی، چاپ دوم، تهران: سپاه پاسداران انقلاب اسلامی، مرکز اسناد و تحقیقات دفاع مقدس.

دعایی، سید محمد (١٣٨٧)، گوشه ای از خاطرات حجت الاسلام والمسلمین سید محمود دعایی، تهران: مؤسسه تنظیم ونشر آثار امام خمینی(س)، ١٣٨٧.

دهقانی فیروزآبادی، سیدجلال (١٣٩٥)، سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران، تهران: سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاها(سمت).

داناوان، جروم (1396)، جنگ ایران و عراق پیشینه‌ها و روند تشدید تعارض، ترجمه: حمیدرضا جاویدزاده، تهران: نشر مرز و بوم.

رسول، فاضل (2010)، العراق- ایران اسباب و ابعاد النزاع، السلیمانیة: دار سردم.

سبتي الحديثي، علي (2019)، الحرب الايرانية- العراقية 1980-1988م: ضغوط التاريخ و أوهام العقائد، دار الموج الاخضر للنشر الميسر.

شیرعلی نیا، جعفر (بی تا)، نکته‌های تاریخی، بی جا، بی نا.

صورت مشروح مذاکرات مجلس بررسی نهائی قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران (1364)، جلد اول-جلسه اول تا سی و یکم، تهران: اداره امور فرهنگی و روابط عمومی مجلس شورای اسلامی.

فوران، جان (1392)، مقاومت شکننده: تاریخ تحولات اجتماعی ایران، ترجمه: احمد تدین، چاپ چهاردهم، تهران: موسسه خدمات فرهنگی رسا.

قاسمی، فریدون (2016)، جمهوری اسلامی ایران از بازرگان تا روحانی، ویراستار: سیروس رزاقی پور، انتشارات اچ اند اس.

کارل مارکس و فریدریش انگلس (1385)، مانیفست حزب کمونیست، محمد پورهرمزان، چ2، چاپ و انتشارات حزب توده ایران.

کدی، نیکی و گازیوروسکی، مارك (1379)، نه شرقی، نه غربی (روابط خارجی ایران با امریکا و اتحاد شوروی)، مترجمین: ابراهیم متقی و الهه کولایی، تهران: مرکز اسناد انقلاب اسلامی.

لینین (د.س)، افلاس الأممية الثانية، سلسلة دراسات الماركسية، روافد للنشر و التوزيع.

مجموعة الباحثين (2010)، العرب و ايران، مراجعة في التأريخ و السياسة، المركز العربي الأبحاث و دراسة السياسات.

مجموعة من الباحثين (2012)، العرب و ايران: مراجعة في التاريخ و السياسة، تحرير: عزمي بشارة و محجوب الزويري، بيروت: المركز العربية للابحاث و دراسات السياسات.

مجموعه قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران (١٣٩٥)، معاونت حقوقی ریاست جمهوری، تهران: اداره چاپ و انتشار معاونت تدوین، تنقیح و انتشار قوانین و مقررات.

مروین زونیس و دانیل برومبرگ (١٣٦٨)، "تشیع به روایت (امام) خمینی" درکتاب تشیع و مقاومت و انقلاب اسلامی، مجموعه مقالات کنفرانس بین المللی دانشگاه تل آویو (١٩٨٤)، تهران.

مقدس، علی اصغر (1377)، مستکبرین و مستضعفین از دیدگاه امام خمینی (س)، در کتاب: مجموعه مقالات کنگره بین المللی امام خمینی(س) و احیاء تفکر دینی، جلد 2، مؤسسه تنظیم و نشر آثار امام خمینی (س).

المناهج الثقافي المركزي (ب.س)، حزب البعث العربی الاشتراكي القيادة القومية مكتب الثقافة و الاعلام، بغداد.

منتظری (1379)، بخشی از خاطرات، جلد اول، بی جا، بی نا.

المؤمن، علي (2020)، سنوات الجمر (مسيرة الحركة الاسلامية في العراق 1957-1986)، الطبعة الخامسة، مركز دراسات المشرق العربي.

هاشمی رفسنجانی، اکبر (1392)، کارنامه و خاطرات 1369 (اعتدال و پیروزی)، به اهتمام: عماد هاشمی، تهران: دفتر نشر معارف انقلاب.

وليامس، داى (2016)، في التجربة البعثية الثورية في العراق، ت.أحمد كاصد النعيمي، ط١، دار الفرات، بغداد.

هیرو، دیلیپ (1390)، طولانی ترین جنگ رویارویی نظامی ایران و عراق، ترجمه: علیرضا فرشچی، رضا فریدزاده و سعید کافی، تهران: نشر مرز و بوم.

یزدی، ابراهیم (1400)، شصت سال صبوری و شکوری (خاطرات دکتر ابراهیم یزدی)، جلد پنجم (دفتر سوم) روابط دیپلماتیك، انتشارات کویر، تهران.

Eric, Sangar (2002), Exporting Revolutionary Institutions Across the Rhine, chapter 1, springer nature.


## توێژینەوەی زانستی


آقایی، سید داود (1385)، "سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران در دوران جنگ هشت ساله(با نگاهی به جایگاه جامعه اروپایی در این سیاست)"، مجله دانشکده حقوق و علوم انسانی، شماره 74، 1385.

حضرتی، حسن و قیصریان فرد، هادی و آونج، مینا (1395)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان نهضت آزادی ایران"، فصلنامه ژرفاپژوه، سال سوم، دفترچهارم، شماره پیاپی10.

درویشی سه تلانی، فرهاد و رحمتی، مهدی (1395)، "بررسی روابط ایران و شوروی در دوره جنگ تحمیلی (با تأکید بر مسئله افغانستان)، فصلنامه مطالعات دفاع مقدس، دوره 2، شماره 1، شماره پیاپی (5).

متقی، ابراهیم و قربانی، مهدی (1401)، "اقتصاد سیاسی ایران در دوران دفاع مقدس"، فصلنامه علمی مطالعات دفاع مقدس، دوره 8، شماره 1، شماره پیاپی 29.

موسوی، سیدرضا (١٣٨٧)، "اولویت سیاست خارجی ایران در دوره سازندگی"، فصلنامه راهبرد، شماره ٨٤.

علی اکبر جعفری و دیان جانباز (١٣٩٥)، "تنوع گفتمانی در سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران و وجوه دیپلماسی نوین هسته¬ای"، فصلنلمه پژوهش¬های راهبردی سیاست، سال چهارم، شماره ١٦.

سیمبر، رضا؛ رضاپور، دانیال؛ آذین، صدیقه (١٣٩٩)، "سیاست جمهوری اسلامی ایران در قبال کشورهای شورای همکاری خلیج فارس"، فصلنامه مطالعات بنیادین و کاربردی جهان اسلام، سال دوم، شماره چهارم.

دبیرزاده، شهریار (1382)، "تأثیر گفتگوی تمدن ها بر سیاست خارجی جمهوری اسلامی ایران"، فصلنامه سیاست خارجی، سال هفدهم، شماره 1.

طهماسبی برنا، محمد (1403)، "هویت و صدور انقلاب روسیه"، فصلنامه مطالعات آسیای مرکزی و قفقاز، سال سی ام، شماره 126.

عطية، عبدالرحمن طارق (2024)، "مواقف دول مجلس التعاون لدول الخليج العربية تجاه السياسة الإيرانية (1989ــ 1997)"، مجلة دراسات دولية، عدد 99.

سرمدی، حمید و ازغندی، علیرضا (1395)، "جنگ تحمیلی و تأثیر آن بر تغییر گفتمان سیاست خارجی ایران(از آرمانگرایی دهه اول به عملگرایی منفعت محور دهه دوم انقلاب اسلامی), ماهنامه پژوهش ملل، دوره اول، شماره 10.

ضحى سمير يونس: المستكبرون و المستضعفون فى ضوء النصوص القرآنية، وقائع المؤتمر العلمى الدولى الرابع، مؤسسة منارة للتنمية و التعليم، جامعة نولج أربيل، 8-9/ 2/ 2023.


## گۆڤار


منتظری، حسینعلی (1366)، "مستضعف کیست؟"، مجله پاسدار اسلام، سال ششم، شماره 67.

خوجم لی، عبدالوهاب (1392)، "تبیین موقعیت ژئوپلتیک ایران"، فصلنامه نگین ایران، سال دوازدهم، شماره٤٤.

حجاریان، سعید (1391)، "اصلاحاتچی چریك نمی شود"، گفتگو رضا خجسته رحیمی با سعید حجاریان، مجله اندیشه پویا، سال اول، شماره 2.


## ماڵپەر


آفتاب نیوز (1387)، "اعلام خطر خاتمی درباره تحریف اندیشه های امام(ره)", https://aftabnews.ir/fa/news/74665/، دسترسی: 2023/11/21؛

تابناك (1387)، "خاتمی: درباره تحریف اندیشه امام اعلام خطر می‌کنم"، https://www.tabnak.ir/fa/news/10012/، دسترسی: 2024/8/21.

فردا نیوز (1397)، "روایت آیت‌الله هاشمی شاهرودی از تاسیس مجلس اعلای عراق توسط رهبری"، https://shorturl.at/nusVE، متاح: 2024/8/20.

جام نیوز (1393)، "صدور انقلاب اسلامی، وارد فصل جدیدی شده است"، https://www.jamnews.com/detail/News/455998، دسترسی: 2024/8/22.

تاریخ ایرانی (1390)، "محسن رضایی: هاشمی صدور انقلاب را متوقف کرد"، http://tarikhirani.ir/fa/news/772/، دسترسی: 2024/11/21.

ایرنا (1393)، " 190 هزار ایرانی در جنگ تحمیلی به شهادت رسیدند"، https://www.irna.ir/news/81318456/190، دسترسی: 2024/8/22.

تاریخ ایرانی (1393)، "جنگ ایران و عراق قابل پیش‌بینی و پیشگیری بود"، https://shorturl.at/4Q49D، قابل دسترسی: 2024/8/25.

رفسنجانی (2024)، " مصاحبه آقای هاشمی با مجله پیام انقلاب پیرامون نهضتهای آزادی بخش سپاه و تشکیل تیپ های قدس و ..."، شنبه 25 اردیبهشت 1361، https://shorturl.at/TowLf، دسترسی: 2024/8/21.

مردم سالاری (1399)، "خسارت رسمی ایران در جنگ تحمیلی: ۹۷ میلیارد دلار"، https://shorturl.at/3tcPr، دسترسی: 2024/8/26.

خبرآنلاین (1403)، " مناظره در «کافه خبر» خبرآنلاین برای پاسخ به این سوال؛«چه کسی جنگ را آغاز کرد؟»، https://shorturl.at/aHNJ9، دسترسی: 2024/8/21.

الجزيرة (2016)، " بدر.. مليشيا عراقية حاربت صدام وقاتلت مع الأسد"، https://shorturl.at/c8o1F، متاح: 2024/11/25.

نايتس، مايكل؛ سميث، مايكل؛ مالك، حمدي (2021)، "لمحة عامة عن «منظمة بدر»"، https://shorturl.at/gfpKx، متاح: 2024/11/25.

المركز الديمقراطي العربي (2017)، "أثر المذهبية في السياسة الخارجية الإيرانية تجاه الشرق الأوسط (2003 ـــ 2015)، دراسة حالة سوريا ولبنان والعراق"، https://democraticac.de/?p=47176، متاح: 2024/11/25.

مركز الحوار السورى (2021)، "تصدير الثورة والتحولات في السياسة الإيرانية"، https://shorturl.at/1XjgN، متاح: 2024/11/25.

Giunta, Jon (2024), “The French Revolution: Liberty, Equality, and Fraternity”, Ancient pedia, https://shorturl.at/dUiV2, accessed: 25/11/2024.

Cheng, Yinghong (2006), “ Exporting Revolution to the World: A Preliminary Study on the Impact of the Cultural Revolution in Asia”, Africa and Latin America, modern China studies, https://shorturl.at/KNVKj, accessed: 12/10/2024.

Nonneman, Gerd (2004), The Gulf States and the Iran-Iraq War: Pattern Shifts and Continuities, ResearchGate, https://shorturl.at/zhiQ , accessed: 14/10/2024.


**ڤیدیۆ**


تاریخ آنلاین (2024)، "خشتِخام۳ | ابراهیم یزدی و حسین دهباشی | نسخه کامل و بدون سانسور | بخشِ اول"، https://www.youtube.com/watch?v=ErsX2L5Lre8، دسترسی: 2024/11/19.

تاریخ آنلاین (2024)، "خشتِخام۳ | ابراهیم یزدی و حسین دهباشی | نسخه کامل و بدون سانسور | بخشِ دوم"، https://www.youtube.com/watch?v=iRSwlHXRNhQ، دسترسی: 2024/11/19.

بی بی سی فارسی (۲۰۱٤)، "روایت آیت‌الله منتظری از حبس تا حصر"، قابل مشاهده در: https://www.youtube.com/watch?v=QfbIop5dM5k، دسترسی: 2024/10/14.

شاهد على العصر (2021)، "صلاح عمر العلي مع أحمد منصور: صدام يستولى على السلطة ويعد للحرب على إيران، قسم الأول"، https://www.youtube.com/watch?v=JgBxmG1p7iY، متاح: 2024/12/9.